# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٣٥) چاپی یەکەم ساڵی یازدەم ١٧/تشرینی یەکەم/٢٠١١ زاینیی ٢٥/رەزبەر/٢٧١١کوردی ١٩/ذوالقعدە/١٤٣٢کۆچی

135

Waqaehi Kurdistan

لەم ژمارەیەدا :

**بڕیاری ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** ل١

ئەرك و فەرمانی سكرتێری پەرلەمان .

**بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** ل٢

ڕەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای (ڕێپێدراوی شەرعی) لەهەرێمی کوردستانی - عێراق .

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ی ئەنجوومەنی دادوەری** ل٣-٤

**پەیرەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل٥-٨

پەیڕەوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحكومییەكان لە هەرێمی كوردستان - عێراق

**پەیرەو ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل٩-١١

پەیڕەوی (نیزامی) خانەنشینی كەم ئەندامانی پێشمەرگە تایبەت بەیاسای ژمارە (٣٤ی ساڵی ٢٠٠٧)

**پەیرەو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل١٢-٥١

پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی پێشمەرگە .

**ڕێنمایی ژمارە (٨-٩) ی ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل٥٢-٥٣

**بەیانی ژمارە (١٩-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥)ی وەزارەتی داد .** ل٥٤-٥٦

**پەراوێزی بابەتەکان تەنها بەزمانی عەرەبی**

**پەیرەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١** ل٥٩-٦٠

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد . .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٣٥) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ١٧/تشرين الأول/ ٢٠١١ميلادي ٢٥/رەزبەر/٢٧١١كوردي ١٩/ذوالقعدة/١٤٣٢هجري

135

## في هذا العدد:

**قرار رقم (١٧) لسنة ٢٠١١ برلمان كوردستان – العراق** ص ٥٧

إناطة مهام سكرتير البرلمان .

**قرار رقم (١٨) لسنة ٢٠١١ برلمان كوردستان – العراق** ص ٥٨

رفض المقترح بقانون (المأذون الشرعي) في أقليم كوردستان - العراق .

**نظام رقم (٨) لسنة ٢٠١١ رئاسة مجلس الوزراء** ص٥٩-٦٠

نظام عمل اللجان التحقيقية الانضباطية المشكلة .

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١١ مجلس القضاء** ص ٣-٤

**نظام رقم (٤) لسنة ٢٠١١ رئاسة مجلس الوزراء** ص٥-٨

نظام دائرة المنظمات الغير الحكومية في اقليم كوردستان – العراق .

**نظام رقم (٥) لسنة ٢٠١١ رئاسة مجلس الوزراء** ص٩-١١

نظام تقاعد معوقي بيشمرگه الخاص بقانون رقم (٣٤) لسنة ٢٠٠٧ .

**نظام رقم (٧) لسنة ٢٠١١ رئاسة مجلس الوزراء** ص١٢-٥١

نظام الداخلي لوزارة البيشمرگه .

**تعليمات رقم (٨-٩) لسنة ٢٠١١ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص٥٢-٥٣

**بيان رقم (١٩-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥) وزارة العدل** ص٥٤-٥٦

No.:135 Date: October, 17 , 2011 Vol.: 11

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ژمــارە : ١٤٧٥ لـــە ٢٠١١/٩/٢٠**

**بڕیاری ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١١**

پشت بە حوكمەكانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو و بەپێی ئەوەش كە لە دانیشتنی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٩ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :

**یەكەم :** ئەرك و فەرمانی سكرتێری پەرلەمان بەڕێز (فرست أحمد عبدالله) بە درێژایی ماوەی ئامادە نەبوونی لە پەرلەماندا، بە ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (شێروان ناصح عبدالله حەیدەری) دەسپێردرێت .

**دووەم :** ئەم بریارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ دەكرێ و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی كوردستان)دا بلاْودەكرێتەوە .

**د. أرسلان بایز اسماعیل**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەلەوە

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**
**ژمــارە : ١٥١١ لـــــە ٢٠١١/٩/٢٧**

### بڕیاری ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١١

پشت بەحوكمەكانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو و بەپێی ئەوەش كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق بڕیارماندا بە :-

**یەكەم :** ڕەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای (ڕێپێدراوی شەرعی) لەهەرێمی كوردستانی - عێراق .

**دووەم :** ئـەم بـڕیـارە لـەڕۆژی دەرچـوونیـەوە لـە ٢٠١١/٩/٢٦ كـاری پـێ دەكـرێ ولـەرۆژنـامـەی فـەرمـی (وەقـایـعی كـوردسـتان)دا بـلاّودەكـرێتەوە .

**د. أرسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

## ئـە نجـومـەنـی دادوەری

**ژمارە : ٧٠ لە ٢٠١١/٩/١٣**

بۆ جێ بەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠١١ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگی ئامادەبوان بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١١

١. پێویستە سەروەری یاسا بپارێزرێ وە بەیەك پلە لە سەر گشت هاولاتیان جێ بەجێ بکرێت وەبەبێ جیاوازی .

٢. بۆ هیچ کەسێك یاخود لایەنێك نیە کەسێك دەستگیر بکات وە یاخود پـشکنینی (تحري) مـالان بکـات وە یـا پشکنینی کەسانێك بکات بەبێ بڕیاری دادوەر جگە لە تاوانەکانی دیتراو (مـشهودة) لـە ماددەکـانی ٧٢و ٧٣ و٩٢ و١٠٢ کە لە یاسای بنەماکانی سزایی هاتوە وپابەند بوون بـە حوکمـەکانی یاسـا لـە وانـەی بـە گرتنـی تومەتبارەوە پەیوەندارن و چرکردنەوەی (حصر) ئەو حوکمانە لە حالەتە پێویستیەکان و ئەو حالەتانەی کە دادوەر بە پێویستیان دەزانێت .

٣. نابێت توند و تیژی یاخود تەهدید بە قسە یاخود بەکردار بەکاربێت دژی تاوان خراوە پاڵ لە کاتی لێکۆلینەوە لە گەلیدا .

٤. پێویستە راگیراو لە جێگای تایبەت بە راگیراوان دابنریت کە چاودێری پزیشکی و کۆمەلایەتی بیگرێتەوە و لە ژێر دەسەلاتی حکومەت بێت و رێز لە ئاینەکەی و بنەماکانی ئەخلاقی راگیراو بگیرێت .

٥. رێز لە دادوەران و دادگاکان بگیرێت بە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکان وە بۆ کـەس یـاخود لایـەنێك نیـە تـاوتۆی (مناقشەی ) بڕیاری دادگا بکات جگە لە تانەی یاسایی بە پێی ماددە /١٩ لە دەستور و ماددە /٢ لە یاسـای دەسەلاتی دادوەری ، بۆ هیچ کەس و لایەنێك نیە تەدەخول لە کاروباری دادوەری بکات وە بەپێچەوانەوە پێویستە هەر دادوەرێك ئاگاداری ئەنجومەنی دادوەری بکات بەناوی ئەو لایەنەی یان ئەو کەسەی کە تـەدەخولی ئـیش و کارەکانی دادگا دەکات بۆ وەرگرتنی رێکارەکانی یاسایی دەرهەقیان .

٦. رێکاری یاسایی وەربگیرێت دەرهەق بەو کەسانەی یاخود لایەنەکانی پەیوەندار کە بریاری دادگا جێ بەجێ ناکەن لە لایەن دادگاوە یاخود لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەپێی ماددەکانی کە تایبەتن بەم بابەتە لە یاسای سزاکان ژمارە ١١١ بۆ ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو ، وە ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر بوو بۆ ئەنجومەنی دادوەری هەیە داوا بکات لە سەرۆکایەتی هەرێم کە رێکاری لەگەل بکرێت بە لادانی لە شوێنەکەی بۆ شوێنێکی تر یا سەپاندنی هەر سەزایەك لە سەری بە پێی یاسا .

٧. پێویستە گشت تۆمەتبارێك لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا پارێزەری هەبێت وە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەندیکای پارێزەران لیستێکی مانگانە پێش کەش بە دادگاکانی لێکۆڵینەوە بکات بە ناویان و ژمارەی مۆبایلەکانیان .

٨. وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان کرێی ماندوبونی پارێزەرەکان خەرج بکات بە پێی مادده /١٢٣/ب لە یاسای بنەماکانی سزایی کە هەموارکراوە بە پێی مادده /٣لە یاسای ژمارە ٢٢بۆ ساڵی ٢٠٠٣ .

٩. دادگاکان پاش هەر داواکاریەك بەلگەی یاسایی تەواو کۆ بکاتەوە ئینجا بڕیار بدات بە ئامادە بوونی وە یاخود بە دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی تاوان خراوە پاڵ .

١٠.ئاگاداری کەسوکاری گیراو بکرێت بە ڕۆژی گرتنی لە گەڵ تۆمەتی کە خراوەتە پاڵی لەلایەن ئەوەی بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێ (القائم بالتحقیق ) .

١١. ئەم ڕێنماییە جێ بە جێ بکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوەو بلاوبکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان .

**أحمد عبدالله زبیر**
**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

**سەرۆکايەتی ئە نجومەنی وەزيران**

**ژمـــارە : ٢٣٢٧ لـــــە ٢٠١١/٩/٢٢**

# پەیڕەوی

## ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١

بـەپشت بـەستن بە بڕگـەی سێیەم لـەماددەی هـەشتەم لـەیاسای ئەنجـومـەنی وەزیـرانی هـەرێمی کـوردسـتان ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٣ ، وەلە بەر ڕۆشنایی ماددەی (بیست و حەوتەم) لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ ، وە لە بەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٢) لە ٢٠١١/٨/١ ، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە :

## پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١

## پەیڕەوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە :

١. هەرێم : هەرێمی کوردستان - عێراق .

٢. یـاسـای ڕێکـخراوە نـاحکـومیەکـان : یـاسـای ڕێکـخراوە نـاحکـومیەکـان لـەهـەرێمی کـوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ .

٣. فەرمانگە : فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان .

**ماددەی دووەم :**

١. پێکهێنانی فەرمانگەیەك بە ناوی (فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) کە تەنها لایەنی ڕێپێدراو دەبێت بۆ سەرپەرشتی تۆماری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم ودەبێتە ڕایەڵەی نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

٢. فەرمانگە سەرۆکێکی دەبێت بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و دەبێت بە لایەنی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و لێهاتوو و شارەزابێت لە کاروباری تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان ، وە بەرپرس دەبێت لە بەڕێوەبردنی گشت کاروبارەکانی فەرمانگە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی بۆی دیاری کراوە بەپێی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەم پەیڕەوە ، وە سەرۆکی فەرمانگەش بۆی هەیە هەندێك لەدەسەڵاتەکانی خۆی دابەزێنێت بۆ ئاستەکانی خوارەوە

٣. سەرۆکی فەرمانگە جێگری دەبێت و پێویستە بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و لێهاتوو و شارەزا بێت لە کاروباری تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان ، وە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت .

**ماددەی سێیەم :**

فەرمانگە کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە :

١. باشترکردنی ڕەوشی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم و دابینکردنی زەمینەی لە بار بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆلی دیاری خۆیان ببینن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراندنیان .

٢. فراوانکردنی بازنەی بەشداری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا .

٣. ڕێکخستنی پێدانی هاوکاری بە پێی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە جۆرێك کە بوودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە بە شێوەیەك خەرج بکرێت کە بۆ پرۆژە پەسندکراوەکان بێت و دەرفەتی یەکسان بۆ گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان فەراهەم بکرێت تابە شێوەیەکی دادپەوەرانە سوودمەند بن لەو بەخشینانە .

٤. پتەوکردنی پردی پەیوەندی نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

٥. دابینکردنی دەرفەتی یەکسان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە بێ جیاوازی .

**ماددەی چوارەم :**

فەرمانگە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرك و دەسەلاّتانەی خوارەوەی دەبێت :

١. سەرپەرشتی و بەدواداچوونی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێم لەڕووی کارگێری و دارایی و هونەرییەوە .

٢. تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم بەپێی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی گشت مەرجە یاساییەکان .

٣. وەرگرتنەوەی مۆڵەت لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی یاسا یان لە دەستدانی مەرجەکان و لەو حالەتانەشدا کە لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان هاتووە .

٤. ئامادەکردنی پلان وبەرنامەی گەشەپێدانی کاروباری تایبەت بە فەرمانگە لە ڕێگای سازدانی سیمینار وپێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست وئامادەبوون لە کۆنفراس وکۆبوونەوەکانی پەیوەندیدار بەکارەکانی فەرمانگەوە .

٥. هەڵسەنگاندنی پرۆژەی ڕێکخراوەکان لە ڕێگای لیژنەی تایبەتمەند و لەسەر بنەمای ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

٦. وەرگرتنی راپۆرتی چالاكییەكانی ڕێكخراوەكان و ڕاپۆرتی داراییان و ئەنجامدانی بە دواداچوون بۆ پرۆژەكانیان .

٧. پێشكەشكردن وبلاۆكردنەوەی راپۆرتی دەوری سەبارەت بەرەوشی ڕێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێم وكارو چالاكیەكانیان .

٨. وەرگرتنی سكالاّی كەسانی سروشتی و مەعنەوی خۆماڵی وبیانی سەبارەت بە هەر پێشێلكاریەك كە لەلایەن ڕێكخراوە ناحكومیەكان كرا بێت لە هەرێمی كوردستان یان دواكەوتنیان لە پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی داراییان بە بیّ هۆ ولێپێچینەوەی یاسایی لە ڕێكخراوی سەرپێچیكار و ئاراستەكردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ دەركردنی بڕیاری یەكلایكەرەوە .

٩. دروستكردنی پەیوەندی وهەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە هەرێمی ونێودەوڵەتییەكان بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و توانایان .

١٠. گەڕان بەدوای سەرچاوەی دارایی بۆ پشتیوانی کردنی سندووقی هاوكاری پرۆژەی ڕێكخراوەكان جگە لە پارەی تەرخانكراوی بوودجە بۆ ئەو مەبەستە ، ئەویش لە چوارچێوەی یاسا ورێنماییەكان .

١١. هەر ئەرك و دەسەلاتێكی تر كە لەیاسای ڕێكخراوە ناحكومیەكان ویاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەكان هاتووە .

**ماددەی پێنجەم :**

**یەكەم :** پێكهاتەی ئیداری فەرمانگە بریتی دەبێت لە :

١. بەڕێوبەرایەتی كارگێڕی : ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەم بەشانەی خوارەوەی پێوە دەبەسترێتەوە :

أ. بەشی ئەرشیف و نووسراوی هاتوو و دەرچوو .

ب. بەشی خۆیەتی فەرمانبەران .

ج. بەشی خزمەتگوزاری .

٢. بەڕێوەبەرایەتی دارایی : ئەم بەشانەی خوارەوەی پێوە دەبەسترێتەوە :

أ. بەشی ژمێریاری.

ب. بەشی دارایی پرۆژەی ڕێكخراوەكان .

**ج.** بەشی ووردبینی .

٣. بەڕێوەبەرایەتی یاسایی .

٤. بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردن .

٥. بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان .

٦. بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون .

**دووەم :** پێدانی دەسەلات بە فەرمانگە بۆ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندن لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ناو فەرمانگە ودەرەوەی بۆ ئەو پڕۆژانەی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە پێشکەش دەکرێن بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە پارەی تەرخانکراوی سندووقی هاوکاری پڕۆژەی ڕێکخراوەکان ئەو هەڵسەنگاندنەش لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئابووری وفەنی پڕۆژەکە و سوودی بەرژەوەندی گشتی دەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش فەرمانگە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن وڕێکارە یاساییەکان دیاری دەکات .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت .

**د. بـــەرهــەم احــمد صــالــح**

**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**سەرۆكايەتى ئه نجومەنى وەزيران**
**ژمـــاره : ٢٤٢٩ لــــه ٢٠١١/١٠/٣**

## پەيرەوى ژمارە ( ٥ )ى ساڵى ٢٠١١

پەيڕەوى (نيزامى) خانەنشينى كەم ئەندامانى پێشمەرگە تايبەت بەياساى ژمارە (٣٤ى ساڵى ٢٠٠٧)

پشت بەستن بە احكامى ماددەى (٩) لە ياساى خانەنشينى كەم ئەندامانى پێشمەرگە ژمارە (٣٤ى ساڵى ٢٠٠٧)

**ماددەى يەكەم**

**يەكەم** : هەرێم : هەرێمى كوردستان – عيراق

**دووەم** : فەرماندەى گشتى (سەرۆكى هەرێم ) : فەرماندەى گشتى هێزەكانى پێشمەرگەيە ٠

**سێيەم** : حكومەتى هەرێم : حكومەتى هەرێمى كوردستان ٠

**چوارەم** : فەرماندەى گشتى هێزەكانى پێشمەرگە : دەسەلآتى بالآى پێكهاتەكانى هێزى پێشمەرگەى كوردستانە ٠

**پێنجەم** : هێزى پێشمەرگەى كوردستان : بريتى يە لە هەموو پێكهاتەكانى هێزى پێشمەرگە ى كوردستان هەر لە پێشمەرگەوە تاكو دەگاتە بەرزترين پلەى سەربازى ٠

**شەشەم** : وەزارەت : وەزارەتى پێشمەرگەى هەرێمى كوردستان ٠

**حەوتەم** : وەزير : وەزيرى پێشمەرگەى هەرێمى كوردستان ٠

**هەشتەم** : شۆڕش : قۆناغێكە لە بزوتنەوەى ڕزگاريخوازى كوردستان كەلە ١١ى ئەيلولى ١٩٦١ ەوە دەست پێدەكات

**نۆيەم** : پێشمەرگە : ئەو خەبات گێرە سياسى و چەكدارەيە بەشدارى لە شۆڕشى رزگاريخوازى كوردستاندا كردبێت بۆ بەديهێنانى مافە ديموكراتى و نەتەوەييەكانى گەلى كوردستان و ئەوانەى دەچنە پال ريزەكانى هێزى پێشمەرگە ٠

**دەيەم** : خانەنشين : ئەو پێشمەرگەيە كە بە پێى حوكمەكانى ئەم ياسايە مافى خانەنشينى هەيە ٠

**يازدەم** : مووچەى خانەنشينى : ئەو مووچەيەيە كە بە پێى حوكمەكانى ئەم ياسايە لە كاتى خانەنشينى بۆ پيشمەرگە خەرج دەكرێت ٠

**دووازدەم** : مووچە : مووچەى بنەڕەتى دوا مانگ كە پێشمەرگەى بەردەوام لە خزمەت بە پێى پلەو پايەكەى وەرى دەگرێت ٠

**سێزدەم** : مووچەى تەواو : مووچە بە دەرماڵەوە ٠

**چواردەم** : مافى خانەنشينى : ئەو مافانەيە كە خانەنشين كراو يان ميرات گرانى دەيان كەوى ٠

**ماددەی دووەم :** پێشمەرگەی کەم ئەندام : ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی جێ بە جێ کردنی ئەرکەکانی لە پێناویـدا تووشی کەم ئەندامی هەمیشەیی بووەو بۆتە بەربەست لە جێ بە جێ کردنی ئەرکەکانی ٠

**ماددەی سێیەم :** پێشمەرگە کە تووشی کەم ئەندامی بووە خانەنشین دەکرێت لەم بارودۆخانە : -

**أ.** ئەگەرهاتوو پێشمەرگە تووشی پەککەوتن بوو بە ڕێژەی (٥٠ %) بەرەو سەرەوە ئەوا خانەنشین دەکرێت بە پێـی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەت کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە پێك دەهێنرێ ٠

**ب.** ئەگەر هاتوو پێشمەرگە ئەندامێکی دیاری لەشی لە دەست بدات ئەوا خانەنشین دەکرێت بێ ڕەچاو کردنی ڕێژەی پەککەوتنی .

**ماددەی چوارەم :**

أ. پێشمەرگەی کەم ئەندام خانەنشین دەکرێت بە هەمان مووچە وە دەرماڵەی کە وەریدەگرێت لە کاتی خزمەتی لــە گەڵ دەرماڵەی کەم ئەندامی ٠

ب. مەبەست لە دەرماڵەی کەم ئەندامی بە پێی ڕێـژەی کـەم ئەندامیەکـەی دیـاری دەکرێـت لــە مووچـەی تـەواو (مووچەی بنەڕەتی + دەرماڵە) ٠

ج. هەموو ئەو پارانەی کە لە دوا مووچەی لە ماوەی هەژدە مانگ وەریدەگرێت وەك پاداشت بۆ یەکجار بۆی خەرج دەکرێت ٠

**ماددەی پێنجەم :** پێشمەرگەی کەم ئەندام کە پلەی پەککەوتنەکەی لە نێوان (٢٥%- ٤٩% ) ە دادەنرێ بۆ یەکێك لە یەکە جێگرەکانی تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان یـاخود بـە پێـی یاسـای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە(٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت ئەمەش لە سـەر داوای خۆی دەبێت ٠

**ماددەی شەشەم :** ئەگەر هاتوو پێشمەرگە لە مەیدانی جەنگدا تووشی کەم ئەندامی بێت ئەوا :-

أ. ئەگەر کەم ئەندامی بـە ڕێـژەی (٥٠%) بـەرەو سـەرەوە بێـت ئـەوا پلەیـەکی بـەرزتری پێـدەدرێت و مووچـەی خانەنشینیەکەی لە سەر بنچینەی پلەی نوێ بۆ تەرخان دەکرێت ٠

ب. ئەگەر کەم ئەندامی بە ڕێژەی (١٠٠%) بەرەو سەرەوە بێت ئەوا دوو پلـەی بـەرزتری پـێ دەدرێـت و مووچـەی خانەنشینیەکەی لەسەر بنچینەی پلەی نۆی بۆ تەرخان دەکرێت ٠

**ماددەی حەوتەم :** لە کاتی مردنی پێشمەرگەی کەم ئەندام دۆسیەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان وە ماف و ئیمتیازاتی شەهیدانی پێدەدرێت بە پێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ ٠

**ماددەی هەشتەم :**

أ. یارمەتی دەرێك دابمەزرێت بە شێوەی كاتی بۆ ئەوپەككەوتەی كە ڕێژەی پەككەوتنەكەی (١٠٠٪) بێت بەو شێوەی لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم) ی یاسای نـاوبراودا هـاتووە تـاكو كۆچـی دوایـی كردنـی پێـشمەرگەی پەككەوتوو ، بە موچەی (٢٠٠٠٠٠ ) دوو سەد هەزار دینار بێت ٠

ب. وەزارەتی پێشمەرگە لایەنە پەیوەندیدارەكان رادەسپێرێت بۆ جیّ بەجیّ كردن و دابین كردنی پێداویستیەكانی كەم ئەندامان و چارەسەركردن و دابین كردنی خزمەت گوزاریە تایبەتمەندیەكان ٠

**ماددەی نۆیەم :** وەزارەتە پەیوەندیدارەكان كاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جیّ بە جێكردنی ئەو بڕگانەی كە لە ماددە (٧) ی یاسای ناوبراودا هاتووە ، وە ناسنامەی نویّ كراوەی كەم ئەندامان بە بەڵگەنامەی فەرمی دادەنرێت لە كاتی پێشكەش كردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار وە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە كار ئاسانی تەواویان بۆ بكات ٠

**ماددەی دەیەم :** یاسای خانەنشینی كەم ئەندامان ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٠٧ لە رێكەوتی دەرچوونی ئەم رێسایە جیّ بەجیّ دەكریّ لە سەر ئەوانەی كە لە ماددەی یەكەمی ئەم رێسایەدا هاتووە كە لە لایەن لیژنەی تایبەت لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ پێداچوونەوەی دۆسیەكانیان و جیا كردنەوەی ئەوانــەی ئــەم یاسایە دەیانگرێتەوە ٠

ب. ئەوانەی كە ئەم رێسایە نایان گرێتەوە موچەی خانەنشینیان بگوازرێتەوە سەر خانەنشینی پێشمەرگە و بەپیّ ی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت ٠

**ماددەی یانزە :** ئەم رێسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجیّ دەكرێت و بلاّو دەكرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان.

**د. بەرهەم ئەحمەد سالح**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمـــارە : ٢٤٣٠ لـــــە ٢٠١١/١٠/٣

## پەیرەوی ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠١١
## پەیرەوی ناوخۆی وەزارەتی پێشمەرگە

پشت بەستن بە ئەحكامی مادده (٥) لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧

١. وەزیری پێشمەرگە

**ماددەی یەك**

**یەكەم** : هەرێم : هەرێمی كوردستان- عێراق ٠

**دووەم** : فەرماندەی گشتی (سەرۆكی هەرێم) : فەرماندەی گشتی هێزەكانی پێشمەرگە.

**سێیەم** : حكومەتی هەرێم : حكومەتی هەرێمی كوردستان .

**چوارەم** : فەرمانـدەیی گـشتی هێزەكـانی پێـشمەرگە : دەسـەڵاتی بـاڵای پێكهاتـەكانی هێزەكـانی پێـشمەرگەی كوردستانە.

**پێنجەم** : هێزی پێشمەرگەی كوردستان : بریتی یە لە هەموو پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان هـەر لـە پێشمەرگەوە تاكو دەگاتە بەرزترین پلەی سەربازی .

**شەشەم** : وەزارەت : وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان .

**حەوتەم** : وەزیر : وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان .

**هەشتەم** : پێشمەرگە : ئەو خەبات گێرە سیاسی و چەكدارەیە بەشداری لە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستاندا كردبێت بۆ بەدیهێنانی مافە دیموكراتی و نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان و ئەوانەی دەچنە پال ریزەكـانی هێـزی پێشمەرگە .

**ماددەی دوو**

وەزیر باڵاترین دەسەڵاتە لەوەزارەت وە بەر پرسە لە سیاسەتی گشتی و بەڕێوەبردنی كارەكانی و دەسەڵاتی دارایی و كارگێری تەواوی هەیە ، بەرپرسە لە باشی هەڵسوكەوتی هەموو فەرمانبەرانی وەزارەت و پێشمەرگەكانی كوردستان .

**ماددەی سێ**

دیاری كردنی نـاوی پێكهاتـەكان و فەرمانـدەكانی لیـوا و فـەوج و گـشت یەكـەكانی پێـشمەرگە و دابەشـكردنی بەڕێوەبەراتیەكان و بارەگاكانی بەرێك و پێكی و دیاركردنی بەش و جێگیركردن و جوڵە پێكردنیان و دیـاری كردنـی ئەركی هەریەكەیان بەپێ ی پێویست .

**ماددەی چوارەم**

قەرەبو کردنەوەی پێشمەرگە (ئەفسەر و پلە دار) ئەوانەی کە لەدەستی دەدات ، بە بێ کەمتەرخەمی لە خۆیەوە لە مالی کەسیەتی خۆی کە لەکاتی ئەرك دایە یان بە هۆیەوە (أثناء الخدمة ومن جراءها) .

**ماددەی پێنج**

ڕەزامەندی نیشان دەدات لەسەر هەموو ئەو گرێبەستانەی کە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی کڕینی چەك و تەقەمەنی و کەل و پەل و ئامێر و پێداویستیەکانی سەربازی بەپێ ی ڕێنمایی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان .

**ماددەی شەش**

ڕەزامەندی دەدا لەسەر پڕۆژە یاسا .

**ماددەی حەوت**

دەسەڵاتی دارایی تەواوی هەیە بە پێی تەخمینی میزانیەی ساڵانەی وەزارەت و ئەو دەسەڵاتانەی لە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دیاری کراوە .

**ماددەی هەشت**

**أ.** پێدانی (قدم) ی نایاب کە لە (١) ساڵ تێپەڕ نەکات بەپێ ی یاسا .
**ب.** پێدانی ناونیشانی (شارەی روکن) بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە لە خولی ئەرکان و کۆلیژی ئەرکان دەردەچن .
ج. بەخشین یان دواخستنی (ئەفسەر) لە تاقی کردنەوەی (تەرقیە) .

**ماددەی نۆ**

**أ.** درێژکردنەوەی ماوەی سەربازی هونەری (فني) یان خاوەن تایبەتمەندی (اختصاص) هەتا تەمەنی (٦٠) ساڵی .
**ب.** دەرکردنی جێگری ئەفسەر و (ضابط صف) لە خزمەتدا یان سزادانیان بە دابەزاندنی پلە و پایەیان ئەگەر سەرپێچی دیسپلینی سەربازیان کرد دوای دەرچوونی بڕیاری لیژنەی لێکۆلینەوە .
ج. ڕاگرتنی خانەنیشین و وازهێنانی بۆ ماوەی (٢) سال زیاتر نەبێ لە ماوەی یاسایی خۆی .

**ماددەی دە**

**أ.** دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی بەردەوام و کاتی هەیە لە ناو وەزارەت لە کاتی پێویستدا .
**ب.** دەرکردنی فەرمان بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوە بەرامبەر بە هەریەك لەو فەرمانبەرانەی لە (ئەفسەر و پلە دار) کە زانرا کەمتەرخەمی کردووە و پێویست دەکات سزا بدرێت و لە دەسەڵاتی دایە هەموو سزایەکی (ئینزباتی) بسەپێنێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی داو بڕیارەکەش دوا بڕیارە .

ج. فەرمانی پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ لێکۆلینەوە لە ئەفسەر و فەرمانبەران لە ئاستی بەرێوەبەر و لێپرسراوی هۆبە و بەشەکان بە خوارەوە .

**ماددەی یازدە**

أ- پێدانی مکافئەی تقدیری بە مووچەی تەواوی ٥/١ خزمەتەکەی بۆ سەربازی تووشبوو بە نەخۆشی لە ئـەنجامی خزمەتەکەی یان بە هۆیەوە .

ب- زیادکردنی خزمەت بۆ پێشمەرگەو ئەفسەری خانەنشین بە مەبەستی بـە دەسـتهێنانی مووچـەی خانەنـشین و پاداشتی خزمەتەکەی کە بە مەرجێك ماوەکەی لە ساڵێ زیاتر نەبێت .

**ماددەی دوانزە**

أ- شاندکردنی پێشمەرگە و (ئەفسەر و پلە دار) بە وەفدێك یان بە زەمالەو مۆڵەتی خوێندن بە مەبەستی خزمـەتی سەربازی .

ب- پێدانی مۆڵەت بە ئەفسەر و پلەدارەکان بە ڕەزامەندی وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات دەبێت .

ج- پێدانی مۆڵەت بۆ هەریەك لە (ئەفسەرو دەرەجە دارەکـان)ی ئەکادمیـە سـەربازیەکان بـۆ مـاوەی (٢) سـاڵ و تازەکردنەوەی بۆ ساڵێکی تر بە مووچەی تەواوی خوێندن .

د- پێدانی مۆڵەت بۆ سەفەری دەرەوەی هەرێم هەتا روتبەی (عمید) .

هـ- پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە مووچەی تەواو بۆ ئەو (ئەفسەرانەی) کە خوێندنی باڵا تەواو دەکەن بۆ ماوەی (٢) ساڵ پاش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی .

**ماددەی سیانزە**

أ- (مصادقة) پشت ڕاست کردنەوەی لە سەر بڕیارەکانی کۆلیژ و پەیمانگا و ئەکادیمیە سەربازیەکان .

ب- ڕاگرتنی خوێندن لە کۆلیژو پەیمانگا و ئەکادیمیەکان بۆ ماوەیەك کە لە کاتی خۆیدا بڕیاری لەسەر دەدرێت .

ج- وەزیری پێشمەرگە چاودێری جێبەجێ کردنی یاساو مەرجەکانی وەرگرتن و دەوام کردن لە کۆلێژە سەربازیەکان و کۆلێژی ئەرکان دەکات .

**ماددەی چواردە**

(مصادقة) پشت ڕاستکردنەوە لە سەر ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی ئەکادیمیەکانی خوێنـدن دەیـدەن بـە مەبەسـتی دامەزراندن و دەرکردنی ئەندامانی ئەنجومەن بە هۆی ڕەوشت و توانای زانستیان .

**ماددەی پانزە**

أ- بەدەر (إستثناء) كردن لە ئیجرائاتی ئەنجومەنی خدمە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران و فەرمانبەرە پیشەییەكان و هونەرییەكان لەوانەی بڕوانامەی پەیمانگا هونەرییەكان و كۆلێژەكانیان هەیە و پێدانی مخصصات بە پێی یاسا و بڕیار و ڕێنماییە باوەڕ پێكراوەكان .

ب- خانەنشین كردنی فەرمانبەران جگە لەوانەی بە مەرسومی سەرۆكایەتی دامەزراون .

ج- پێشنیاركردن بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی پلە مەدەنیەكان لە وەزیفەی تایبەت .

**ماددەی شانزە**

أ- هەڵوەشاندنەوەی سزاكانی (ئینزباتی) سەپێنراو بەسەر فەرمانبەران .

ب- سەپاندنی سزای دابەزاندنی پلە و كەمكردنەوەی مووچە بە سەر ئەو فەرمانبەرانەی لە خـوار پلـە (٤) دان و ڕەوانەكردنیان بۆ دادگـای سـەربازی ئەگـەر زانـراو پێویـست دەكـات دادگـایی بكـرێ وە بـوونی بەڵگـە بـۆ تۆمەتباركردنی دوای دەرچوونی بڕیاری لیژنەی لیكۆلینەوە .

**ماددەی حەڤدە**

وەزارەت پابەندە بە خەرج كردنی دەرماڵە پیشەییەكانی هاووتایی وەزارەتەكانی تـر كـە بۆیـان دیـاری كـراوە وەك (مافپەروەران ، پزیشكان ، ئەندازیاران ، دەرماڵەی ترسناكی بۆ فەرمانبەرانی چاودێری دارایی) و ئەو فەرمانبەرانەی كە بەناونیشانی مەدەنی دامەزراون و مووچە وەردەگرن لە یەكەكانی وەزارەتی پێـشمەرگە بـە پێـی یاسـا و ڕێـسا كارپێكراوەكان ، هەروەها خەرج كردنی دەرماڵەی دادوەران بۆ سەرۆك و ئەندامانی دادگاسەربازیەكان وە دەرماڵەی داواكاری گشتی بۆ ئەندامانی داواكاری گشتی سەربازی ئەگەردەرماڵەی پلەی تایبەتی نەبێت .

٢.جێگری وەزیر

**ماددەی هەژدە**

أ- هاوكاری وەزیر دەبێت بۆ سەرپەرشتی پێشمەرگەی كوردستان و بەڕێوەبەرایەتیەكان و دام و دەزگاكانی وەزارەت بە پەیڕەوی كردنی ئەو دەسەڵاتانەی كە وەزیر پێی دەبەخشێت .

ب- دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (١٥,٠٠٠,٠٠٠)پانزە ملیۆن دینار بـۆ هەر مانگێك و خەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٣- ئەمینداری گشتی

**ماددەی نۆزدە**

فەرمانبەری پایە بەرزە لە وەزارەت بە فەرمانی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی جێبـەجێ كـردن (سـەرۆكایەتی هـەرێم) دادەمەزرێ لەسەر پێشنیاری وەزیری پێشمەرگە .

## ماددەی بيست

سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئـەو بەڕێوەبەرايەتيـە گـشتيانە دەکـات کـە سـەر بـە ئەميندارێـەتی گـشتيە و تـەواوی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و ژمێريـاری و سەرپەرشـتی کردنـی هەيـە بەسـەر گـشت يەکـە ئيداريـەکانی سـەر بـە ئەمينداريەتی گشتی و بەرپرسە لەو ڕووەوە بەرامبەر وەزير .

## ماددەی بيست و يەك

أ-ئامادەکردنی پلانی وەزارەت و ميزانيەی ساڵانە و پێشکەشکردنی بەوەزير بە هەماهەنگی لەگەڵ لايەنی پەيوەندار.

ب-ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە و فراوان لە سەر کار و چالاکيەکانی ئەمينداريەتی گشتی و دەستکەوتەکانی بەپێی داواکاريە ياساييەکان پێشکەشی وەزير دەکات .

ج- ئامادەکردنی هەر ڕاپۆرتێك کە وەزير داوای دەکات لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تايبەتمەنديەکانەوە .

## ماددەی بيست و دوو

أ- نوێنەرايەتی وەزير دەکات لەو کاروبارانەی کە وەزير پێی دەسپێرێ .

ب- مافی تەنسيب کردن و گواستنەوەی هەيە لە ئەمينداريەتی گشتی بە نوسراو بۆ لای وەزير بە پێی ڕێنماييەکان.

ج- دەرکردنی ڕێنمايی بۆ ئەو يەکانەی کە بەرپرسيەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئيدارەيەکی کاريگەر بـۆ دڵنيـابوون لـە کۆکردنەوەی زانياری پێويست و بەردەوام لە نێوان يەکە ئيداريە جۆراوجۆرەکان سەر بە ئەميندارێ گشتی .

د- پێشنياری پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر دەکات .

هـ- مافی پلە بەرزکردنەوەی پلەدارانی (مراتب) هەيە تا پلەی (ن.ض) .

و- نوسينگەيەکی تايبەتی بەخۆی دەبێ .

## مادده بيست و سێ

دەسەڵاتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە مليۆن دينار بۆ هەر مانگێك و خەرج کردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەکان .

## ماددەی بيست و چوار

لە کاتی ئامادەنەبوون لە دوام لەبەر هەر هۆيەك بێت (مۆڵەت) بۆ ماوەيەکی درێژ وەزير فەرمانبەرێکی پلە تايبەت دەست نيشان دەکات لە جێگەی بە وەکالەت .

٤. سەرۆكی ئەركان

## ماددەی بيست و پێنج

أ- بەرپرسە لە سەر پەرشتی كردنی لايەنی تايبەتمەندی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە .

ب- دەركردنی فەرمان و رێنمايی و ئاگاداركردنەوە بۆ هـەموو جێگرەكـانی و فەرماندەييـەكان و فەرمانگـەكانی پەيوەست بە سەرۆكايەتی ئەركان .

ج- هەماهەنگی لـە نێـوان فەرمانگـەكانی سـەرۆكايەتی ئـەركانی پێـشمەرگەی كوردسـتان لەگـەڵ جێگرەكـان و فەرماندەييەكان و هەواڵگری و پشكێنەرێتی و ژمێرياری سەربازی سەبارەت بە لايەنە هاوبەشەكانيان .

د- هەماهەنگی لە نێوان سەرۆكايەتی ئەركان و ئەميندارێتی گشتی بۆ ئـەو كاروبـارە تايبەتيانـەی كـە پێويـستە پێشكەشی وەزير بكرێت بۆ وەرگرتنی ئيجرائاتی پێويست .

هـ- هەماهەنگی لەگەڵ راوێژكاران بۆ هەموو مەبەستەكان .

## ماددەی بيست و شەش

أ- پێدانی مۆڵەتی ئاسايی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بە پێی مافی خۆيان بۆهەموو ئەفسەران و پلەداران بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ وە بەبێ مووچە بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ .

ب- درێژكردنەوەی ماوەی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ هەموو ئەفەسەران و پلە داران لە سـەر بڕيـاری ليژنـەی پزيـشكی تايبەت .

د- بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی لـە پلـەی (س.خ) (ج.ط) تـاكوجێگری ئەفـسەری پلـە/٨ (ن.ض.د٨) و پێـدانی پێشكەوتنی ناياب (قدم ممتاز) بۆ خوار ئەفسەر واتە سەرباز تاكو جێگری ئەفسەر (ن.ض.د٨) .

هـ- گواستنەوەی سەربازان دەكات لە رێگەی (ئيدارەی كارمەندانەوە) .

و- ڕەوانەكردنی سەربازان بۆ خانەنشينی بە پێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو .

ز- گواستنەوەی ئەفسەرانی هاوكار (ضباط الأعوان) لە رێگەی ئيدارەی ئەفسەرانەوە .

ح- گۆرينی پۆلينی ئەفسەران (صنوف ضباط) ڕشتەی ئەفسەر بە ڕەزامەندی وەزير .

ط- دەركردنی ڕێنمايی لەبارەی ئەركەكان بەپێ ی ياسای وەزارەتی پێشمەرگە بۆ خوار خۆی .

ی- دانان لەجێ ی ئەفسەران بە وەكالەت لە كاتی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسايی يان نەخۆشـی يـان كـاتی مانـەوەيان لەنەخۆشخانە يان سەفەر كردنيان بەكارێكی فەرمی .

ك- بانگ كردنی ئەفسەران بۆ ئامادە بوونی كۆنگرە يان ڕاهێنان يان وانە ووتنەوە .

ل- واژۆ كردن لەسەر نوسراوە ئاساييەكان كە پێوەندی نيە بە سياسەتی گشتی وەزارەت يان پلانی .

## ماددەی بیست و حەوت

أ- كڕینی ئۆتۆمبێل و كەلوپەلی جێگیر بەپێی ئەو بودجەیەی كە دیاری كراوە بۆ كڕین بەپێی پێویست بە ڕەزامەندی وەزیری پێشمەرگە .

ب- بەستن و واژۆكردنی گرێبەستە ناوخۆیی و دەرەكیەكان لە سـنوری ڕێگـە پێـدراو دوای ئامـادەكردن و مـەرجی گرێبەستە كە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار لە (١٠٠٠٠٠٠٠) دەملیۆن تێپەڕنەكات .

ج- ڕەزامەندی دان لە سەر هەمواركردنی مواسەفاتی گرێبەستی تایبەت بە چەك و تەقەمەنی و كەلوپەلی سەربازی تر .

هـ- بەڕودا كردنەوەی كۆمپانیا نیشتمانیەكان و بیانیەكان و گرێبەست كردن لەگەڵیان دا بۆ كاروباری بینا تایبەت بە هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی میرەو ئەشغالی عەسكەری .

## ماددەی بیست و هەشت

أ- سەرف كردنی چەك و تەقەمەنی و كەلوپەلی سەربازی بۆ یەكەكانی هێزی پێشمەرگە .

ب- سەرف كردنی جیاوازی نرخی كەلوپەلی كڕاو كە ڕەزامەندی لەسەر دراوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی داراییدا .

ج- پێشنیار بۆ زیادكردنی میلاك .

د- پێشنیاری دامەزراندنی بەردەست و ئیشكەر ، بەرزكردنەوەی پلەیان و پێدانی مۆڵەت و سزادانیان .

## ماددەی بیست و نۆ

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك و خەرجكردنی بەپێی ڕێنماییە داراییەكان .

## ماددەی سی

ڕێنمایی كردن و ڕەزامەندی دان لەسەر دەركردنی پەڕتوك و نامیلكەی مەشـقی فـەرمی لەڕێگـەی بەڕێوەبەرایـەتی مەشقی سەربازی یەوە .

## ماددەی سی ویەك

چەسپاندنی میلاكی جەنگی فەرمانگەی عملیات (دائرة العمليـات) . كە دیاری كراوە لە میلاكی وەزارەت لە كاتی دەست پێ كردنی جەنگ و لە كاتی ئاسایی دا بەڕێنمایی وەزیر .

٥. ڕاوێژكاران

## ماددەی سی و دوو

أ- فەرمانبەری پلە تایبەتن لە وەزارەت بەفەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیـران و ڕەزامەنـدی سـەرۆكایەتی هەرێم (ئەنجومەنی جێبەجێ كار) دادەمەزرێن لەسەر پێشنیاری وەزیری پێشمەرگە .

ب- ڕشاو و بۆ چونیان پێشكەش بە وەزیر دەكەن لەسەر ئەو كارانەی وەزیر ڕاوێژیان پێ دەكات .

ج- بۆ یان هەیە پێداچونەوە بە هەموو بەشەکانی وەزارەت دا بکەن لەسەر داوای جەنابی وەزیر .

د- پێشنیار کردن و ڕاوبۆچونی جیاواز بۆ بەرەو پێش بردنی وەزارەت لە هەموو ڕویەکەوە .

## ماددەی سی و سێ

بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەیان لە کاتی پێویست داوای سلفە لە وەزیر دەکەن .

## ماددەی سی و چوار

نووسینگەیەکی تایبەت بە خۆیان دەبێت بە پلەی رائد روکن .

٦. جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان (العملیات)

## ماددەی سی و پێنج

أ- گواستنەوەی ئەفسەرانی هاوکار (ضباط الأعوان) (رائد بۆ ملازم) لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە پێوەی پەیوەستن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی ئەفسەران .

ب- ڕەوانەکردنی سەربازان لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەرکی فەرمی سەربازی .

ج- دیارکردنی ئاستی ئامادە باشی (درجات الأنذار) وە خەرج کردنی دەرماڵە بۆی دوای ڕەزامەندی سەرۆکی ئەرکان

د- پیدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو وەماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

هـ- بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی تاکو (ر.ع) بە پێ ی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کارمەندانەوە .

و- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لەبەڕێوەبەرایەتیەکەیدا .

ز- سەرپەرشتی کردنی هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ژێر دەستی لە ئێش و کارەکانی دا ٠

## ماددەی سی و شەش

أ- ڕەزامەندی دان لەسەر بەڕێکردن و ئامادەبوونی شارەزایانی بیانی کارکردوو لە ناو هێزە چەکدارەکان و هەروەها (ملحقين العسكرين) بیانی لە شوێن و جێگە سەربازیەکان لە کاتی ڕاهێنان و ئۆپراسیۆنی سەربازی یان بەمەبەستی بەسەر کردنەوە دوای ڕەزامەندی (استخباراتي عسكري) و وەزیری پێشمەرگە .

ب- ڕەزامەندی دان لەسەر گواستنەوەی ئاسمانی کەلوپەلی سەربازی پێویست و خێرا بۆ پێشمەرگە لە ناو هەرێم .

ج- ڕەزامەندی دان لە سەر هەڵوەشاندنەوەی کەلوپەلی بەکار هاتووی خراپ بوو وەك کەلوپەلی بێتەلی و هونەری خراپ ، وە سود وەرگرتن لێیان بە مەبەستی مەشق و چاککردنەوەیان .

د- ڕەزامەندی دان لە سەر پەیدا کردنی نەخشەو بەکارهێنان و بەخشینی و دابەزاندنی لە ئەستۆ بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی استخباراتی عسکری .

هـ- ڕێنوێنیدان لە سەر جۆری چەك و کەلوپەلی سەربازی .

**ماددەی سی و حەوت**

دەستنیشانكردنی نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەو لیژنانەی كـە لـە وەزارەت و فەرمانگـەكانی تـر پێكـدێت و پەیوەستە بە تایبەتمەندی ئۆپراسیۆنەكان ٠

**ماددەی سی و هەشت**

أ- دیاریكردنی یەكە و پێكهاتەكانی كە بە هاوبەش دادەنرێت لە كاتی جەنگ و جموجۆڵی كرداری ٠

ب- كارپێكردنی فەرمانبەرانی شارستانی (المدني ) لە كاتی زیادە پاش دەوامی ئاسایی خۆی لە كاتی نائاسایی دا و خەرج كردنی دەرماڵەی دیاری كراو بە پێی ڕێنماییە داراییەكان بۆیان ٠

**ماددەی سی و نۆ**

أ- دەركردنی ڕێنمایی بۆ دابەشكردنی جل و بەرگ و پێداویستی و ئازووقە بۆ قوتابیانی كۆلێژە سەربازیەكان .

ب- دەركردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕێوشوێنی پشكنینی پزیشكی و توانـای جەسـتەیی بـۆ ئـەو خۆبەخـشە خـاوەن بڕوانامە بەرزانەی كە دەپاڵێورێن بۆ بەشداریكردن لە خولی تایبەتی ئەفسەران ٠

**ماددەی چل :**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش ملیۆن دینار بۆ هـەر مانگێك و خەرج كردنی بەپێی ڕێنماییە داراییەكان ٠

٧- جێگری سەرۆكی دەستەی ئەركان بۆ كارگێری و میرە :

**ماددەی چل و یەك :**

أ- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچـەی تـەواو وە مـاوەی (٦٠) ڕۆژ بەبەبێ مووچە ٠

ب- بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی تاكو (ر.ع ) بەپێی ڕێنماییەكان لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ئیدارەی كارمەندانەوە .

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا ٠

د- گواستنەوەی فەرمانبەران و ئەفسەرانی هاوكار (ضباط الأعوان ) ( ملازم بۆ رائد ) لە ڕێگەی بەڕێوەبەری ئیدارەوە ٠

هـ- بەكارخستنی ئەفسەرانی هاوكار و فەرماندە و پلەداران لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەكان و ڕشتەكانی دام و دەزگاكانی پەیوەست پێوە بۆ ئەركێكی دیاری كراو تا كۆتایی ئەركەكە ٠

و- بەڕێكردنی سەربازان لە ناو هەرێمی كوردستان عێراق بۆ جێبەجی گەیاندنی ئەركی فەرمی ٠

ز- ڕەوانەكردنی خۆبەخشان بۆ خانەنشینی بەپێی یاسای خانەنشینی كار پێكراو ٠

ك- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خۆبەخشان و گەڕانەوەیان ٠

ل- سەرپەرشتی كردنی هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی كە لە ژێر دەستی ئەودان ٠

## ماددەی چل و دوو

أ- دەستنيشانكردنی نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەو لیژنانەی کە پێك دەهێنرێـت لـە گـەڵ وەزارەتـەکان وە فەرمانگەکانی تر بەقەد پەيوەستی بەکارەکانیەوە ٠

ب- ڕەزامەنديان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆمبێلە بەكارهاتوە خراپەكان و دابەزاندنی لە ئەستۆ وە بەکارهێنانیان لە ئۆتۆمبێلی هاوشێوەی بەمەبەستی چاككردنەوە لە سەر پێشنياری لیژنەی تايبەت ٠

ج- ڕەزامەندی لە سەر سڕینەوەی کەل وپەل لە ناوياندا چەك و پێداویستیە سەربازیەکانی کۆن یان خراپ بـوو دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دارايی لەسەری بە مەرجێك لە (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملێون دينار زياتر نەبێت بـۆ هـەر جارێك دوا تەشكيل كردنی لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە ٠

د- دياريكردنی خەرجی (نسرية) ی هونەری بۆ يەکەکان و فەرمانگەکان ٠

هـ- ڕەزامەنديان لەسەر سوتاندن و نەهێشتنی کەلوپەلی بەسەرچوو لە سەر داوا وبڕیاری لیژنەی تايبەتمەند بەو کارە ٠

و- دەستەڵاتی فرۆشتنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ناتوانرێت سوديان لێ وەربگيرێت بە هۆی کۆنی یان زۆر خراپ بوونی يان نەبوونی پارچەی يەدەك و يان زيادبوونی لە میلاك دوای دەرچوونی بڕياری لیژنەی تايبەت بەو کارە ٠

## ماددەی چل و سێ :

أ- گۆڕينی مواسەفاتی گرێبەست و كەل و پەل بەمەرجێك تێپەرنەكات لەو بڕەی بۆی دیاریکراوە کە لەلایـەن ئـەو لیژنەيە دياری دەکرێت ٠

ب- دياريكردنی قياساتی جل و بەرگ وە تەجهيزات بۆ پێشمەرگەی کوردستان و ڕەتکردنەوە و گۆڕانکـاری تيايـدا لەکاتی نەبونی مەرجی دياری کراوی گرێ بەست ٠

ج- دياريكردنی قياساتی ئازوقەو ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاری تێيدا و سەرف كردنی ئازوقە بەدەر لە پێوانەی دياريكراو لە کاتی پێويستدا ٠

د- دياريكردنی ماوەی بەسەرچوونی تەجهيزات و کەل و پەل ٠

هـ- ديارکردنی جۆری ئازوقە بە هاوکاری لە گەڵ بەڕێوەبەرايەتی کاروباری پزیشکیدا

و- بوونی نوێنەريان لەهەر لیژنەیەك کە پەيوندی بە دروست كردنی مستودەعاتی هێزی پێـشمەرگەی کوردسـتانەوە هەبێ ٠

ز- ڕێنوێنيدان لەسەر جۆرو کەل وپەلی سەربازی و چەك و تەقەمەنی کە پێويستە بۆ يەکـەکانی هێـزی پێـشمەرگە بكڕدرێت بە تەنسيق لە گەڵ عمليات و سەرۆکی ئەرکان ٠

## ماددەی چل و چوار :

أ- گەياندنی کەل و پەل بەڕێگەی ئاسمانی بۆ پێشمەرگە لەناو هەرێم ئەگەر هێزی پێشمەرگە بووە خاوەنی فڕۆکە ٠

ب- ڕەزامەندی دان لەسەر گۆڕينی پۆلی خۆبەخشان بەپێی ڕێنمايی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگە ٠

ج- خەرجكردنی بڕی تێچووی چارەسەری پزیشكی ئەفسەرو سـەرباز و پلـە داران لـە نـاو نەخۆشـخانە حكـومی و ئەهلیەكانی ناو هەرێم دا دوای بڕیاری لێژنەی پزیشكی سەربازی بۆ چارەسەركردنیان ئەگەر لە ناو نەخۆشـخانە سەربازیەكان چارەسەرنەكرا٠

د- بەستن و واژووكردنی گرێبەستی ناوخۆ بەپێی پێویستی وە بەبڕی پارەی دیاری كراو ٠

ه- خەرج كردنی بڕێك پارە بۆ كڕینی (الأثاث ) بە پێی پێوەری بڕیارلەسەر دراو و پێداویستی زەرور بەهەما هەنگی لە گەڵ ژمێریاری ٠

و- دیار كردنی پێوەری كەلوپەلی بنەرەتی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەكان و یەكە سەربازیەكان ٠

ز- چاككردن و ڕێكخستنی ئەو خانووە بەكرێگیراوانەی بۆ فەرمانگەكانی سەربە وەزارەتـی پێـشمەرگە لـە ڕێگـەی بەڕێوەبەرایەتی اشغال و ئامریەی شئونی وەزارەتەوە ٠

## ماددەی چل و پێنج :

دەسەلآتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش ملێون دینار بۆ هـەر مانگێك و خەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٨- پشكێنەرێتی گشتی

## ماددەی چل و شەش :

أ- پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە ٠

ب- پێشنیاری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عریف ) بە پێی ڕێنماییەكان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە ٠

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەرێوەبەرایەتیەكەیدا ٠

د- گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەرێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسـەلآتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی ٠

ه- ڕەوانەكردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی بەپێی یاسای خانەنشینی كارپێكراو ٠

## ماددەی چل و حەوت

دەسەلآتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملێون دینار بـۆ هـەر مانگێك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان ٠

**ماددەی چل و هەشت :**

کارو چالاکیەکانیان بریتیە لە (پشکنین و بەدواداچوونی دەزگاو پێکهاتەکان و یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە) بۆ وەستان لەسەر هەڵوێستی باری پێشمەرگە و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەیی شەڕکردن و پیادەکردنی ئەو فەرمان و ڕێنمایانەی کە لە وەزارەتــەوە دەرچــوون و بەرزکردنــەوەی ڕاپــۆرتی دەوری و لــە ناکــاو بــۆ وەزیــر بەمەبەســتی چارەسەرکردن و پەرەپێدان وەك لە ماددەی (٣) بڕگەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی پێــشمەرگە ژمــارە (١٩) ســاڵی ٢٠٠٧ دیاریکراو .

٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی

**ماددەی چل و نۆ**

أ- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بەمووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبەبێ مووچە .

ب- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییــەکان و وە لــە ڕێگــەی بەرپرسانیەوە .

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا .

د- گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەســەڵاتی خــۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

**ماددەی پە نجا :**

أ- بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایش بۆ بارەگا سەربازییەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە .

ب- کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنی بە شێوەیەك لە بەرژەوەندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و پێکهاتەکەیدا بێت .

ج- کۆ کردنەوەی زانیاری لە سەر دوژمن و مەبەستەکانی لە ڕێگەی عەمەلیەی (شیکردنەوەی زانیاری ) .

**ماددەی پە نجا ویەك :**

أ- یەکخستن و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی زانیاری و هەواڵگری و ئاسایشی وە پێشکەشکردنی بــە وەزیــری پێــشمەرگەی کوردستان .

ب- هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەموو ئەو بەشانەی وەزارەت لەو کارانەی کە پەیوەندی هەیە بە فەرمانگەیەکی وەزارەت یان بەشێك زیاتر .

**ماددەی پەنجا و دوو :**

أ- بەرێکردنی ( بڕوا پێکراوان ) و ئەفسەرانی هەواڵگری بۆ کاری تایبەت ٠

ب- ڕەوانەکردنی فەرمانبەران و سەربازان بۆ خانەنشین بەپێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو ٠

ج- هەماهەنگی لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەربە سەرۆکایەتی ئەرکان وەکو (عملیات ، تخطیط ، تنظیم ) بۆ دانانی نەخشەی جێ بە جێکردنی ئەرکی یەکەکان و هێزی پێشمەرگە ٠

**ماددەی پەنجا و سێ :**

أ- دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملێون دینار بۆ هەر مانگێك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان ٠

ب- نەسریەیەکی بەردەستی دەبێت تاکو (٥٠,٠٠٠,٠٠٠ – ٧٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پەنجا ملێون تا حەفتا و پێنج ملێون دینار بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی وکلاء وە معتەمدین (الوكلاء و المعتمدين ) بۆ جێ بە جێکردنی ئەرکی هەواڵگری ٠

١٠ – بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی ٠

**ماددەی پەنجا و چوار :**

أ- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە ٠

ب- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییەکان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە ٠

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا ٠

د- گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد ) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی ٠

هـ- ڕەوانەکردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو ٠

**ماددەی پەنجا و پێنج :**

أ- ئامانجی سەرەکی چاودێری دارایی پارێزگاری کردنە لە مولك و ماڵ و ئەو کەلوپەلانەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانە ٠

ب- دلنیابوون لە ئەنجامی چالاکیەکانی ژمێریاری و کارگێری لە ڕووی یاسایی و ڕێنماییە داراییە پەیرەو کراوەکان ٠

ج- پشکنین و وردبینی مامەڵەکانی خەرجیەکان لە بارەی مووچە و دەرماڵە و پاداشتەوە بکات بۆ دلنیا بوون لە چۆنیەتی خەرج کردنیان ٠

د- دلنيا بوون لە بەكارهێنانی دارايی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەو مەبەستانە كە بـۆی تـەرخان كـراوە ، هـەروەها دلنيابوون لە بەفيڕۆ نەدان و دەست بلاوی لە گەڵ هەلسەنگاندنی سودەكانی ٠

هـ- پێشكەش كردنی كۆمەكی هونەری لە بوارەكانی ژمێرياری و چاودێری و كارگێری و ڕێكخستن كـە پەيوەنـديان پێوەهەبێت ٠

و- ڕێكخستنی خولی فێركاری فەرمانبەرانی ژمێرياری و كارگێری بۆ بەرزكردنەوەی توانايان ٠

ز- دەرخستنی بەلگەكانی گەندەلی و فێل كردن و بەفيڕۆدان و خراپ بەكارهێنان و بێ توانايی لە كاروباری وەرگرتن و خەرجكردن و بەكارهێنانی دارايی وەزارەت لە ئەنجامی وردبينی و هەڵسەنگاندنی كـار و چـالاكی فەرمانگـە سەربازيەكان ٠

ح- بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی ياسا و ڕێنماييە دارايی و ژمێرياريە كار پێكراوەكانی تايبـەت بـە پێـشمەرگەی كوردستان بۆ دڵنيابوون لە جێبەجێكردنی هۆشياری و گونجانی لەگەڵ پێكهاتەكانی وەزارەت و پێـشكەشكردنی پێشنياری پێويست بە هەماهەنگی لەگەڵ لايەنی پەيوەندار .

ك- پێشكەش كردنی ڕاپۆرتی سالآنە بە وەزيری پێشمەرگە لە سەر بارودۆخی دارايی و كارگێری و ئابووری لە بواری چاودێری دارايی لەسەر وەزارەت ، هەروەها ڕاپۆرتەكە كورتەيەك لەكارو و چالاكيەكانی بەڕێوەبەرايەتی چاودێری دارايی لە ماوەی ئەو سالەدا لە خۆ دەگرێت .

## ماددەی پە نجا و شەش

دەسەڵاتی دارايی هەيە بۆ راپەراندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج مليۆن دينـار بـۆ هـەر مانگێك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان .

١١- بەڕێوەبەرايەتی هەماهەنگی و پەيوەنديەكان

## ماددەی پە نجا و حەوت

أ- دروستكردن و وریێكخستن و بەرەو پێشبردنی پەيوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگاكانی پەيوەندار لەگـەڵ وەزارەتی پێشمەرگە .

ب- پێشوازی كردنی ميوانە فەرميەكان (**الوفود الرسمية**) و هەماهەنگی بـۆ دابـين كردنـی جێگـای حەوانـەوە و گواستنەوەيان بە پێی پێويست .

ج- سەرپەشتی كردنی سەرجەم بنكەی هەماهەنگی هاوبەش لە ناوچە (كێـشە لەسـەرەكان) لـە ڕووی پەيوەنـدی و گۆڕينەوەی زانياری تايبەت .

## ماددەی پەنجا و هەشت

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) رۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییەکان و وە لە رێگەی بەرپرسانیەوە .

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن .

د. گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی(رائد تا ملازم) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

ه. ڕەوانەکردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشین بە پێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو .

## ماددەی پەنجاو نۆ

أ. واژوو کردن لە سەر هەر نوسراوێك تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندی لەلایەن بەڕێوەبەر دەبێت یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی پێدەدات .

ب. ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بنکەکانی هەماهەنگی هاوبەش بۆ وەزیر و خاوەن بڕیارەکان .

ج. ئامادەبوون و بەشداربوونی لە کار و کۆبوونەوە و چالاکی وەزارەت لە کاتی پێویست دا .

د. هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکان سەبارت بە ئەفسەرانی **(ارتباط)** لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراقدا .

ه. ئامادەکردن و دیراساتی تایبەتی بە شێوەیەکی (خولاو) بۆ بەرەو پێش بردنی هەماهەنگی و پەیوەندیەکانی وەزارەت لەگەڵ لایەنی پەیوەندار .

و. پێدانی ڕاوبۆچوون (مشورات) بە جەنابی وەزیر سەبارەت بە بەرەو پێش بردنی هەماهەنگی و پەیوەندیەکان و پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناو وەزارەت بۆ بەرەو پێش بردنی کار و چالاکی وەزارەت .

## ماددەی شەست

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

١٢- ئای تی (IT)

## ماددەی شەست و یەك

أ- پێشخستنی وەزارەت لە بواری زانیاریە تەکنەلۆژیەکان و گشتاندنی و ڕێکخستنی بواری تەکنەلۆژیا .

ب- ئاگاداری هەموو زانیاریـەکان و بەشـەکانی وەزارەتـی پێـشمەرگە دەبێـت و هەماهـەنگ ئـەبێت لەگـەڵ IT ئەنجومەنی وەزیران .

ج- ئیش و کارەکانی (IT) وە سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆ لە لایەن بەرێز وەزیری پێشمەرگەوە دەبێت .

**ماددەی شەست و دوو**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینـار بـۆ هـەر مانگێك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

١٣- بەشی دڵنیایی جۆری

**ماددەی شەست و سێ**

بەرپرسە بەرامبەر جەنابی وەزیر فەرمان وەردەگرێت لێی .

١٤- نوسینگەی تایبەتی وەزیر

**ماددەی شەست و چوار**

أ- وەرگرتنی ئەو نوسراوانەی کە پەیوەندی بە وەزیرەوە هەیە بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست .

ب- ئاڕاستەکردنی ئەو نوسراوانەی کە پەیوەندی بە لایەنەکانی پەیوەندی دارەوە هەیە بۆ جێ بەجێکردنی .

ج- ئاڕاستە کردنی نوسراو بۆ هەموو بەشەکانی وەزارەت کە لە لایەن وەزیرەوە دەربچێت .

د- ئەفسەران و پلەدارانی هەڵسوڕاو لە ناو نوسینگەکەدا لە لایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت .

**ماددەی شەست و پێنج :**

دەسەڵاتی دارایی بۆ ڕاپەڕاندنی کارو باری ڕۆژانەی تاك و ( ٢,٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار بـۆ هـەر مانگێـك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییەکان ٠

١٥- سکرتێری وەزیر

**ماددەی شەست و شەش :**

أ- ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی تایبەتی وەزیر ٠

ب- ڕێکخستنی کاتەکانی میوانەکانی وەزیر وە دانانی خشتەی چاو پێکەوتن.

ج- ڕێکخستنی نوسینگەی وەزیر لە ڕووی کارگێڕییەوە ٠

د- جێ بەجێکردنی هەرئەرکێکی تر کە وەزیر پێی دەسپێرێت ٠

هـ- بەرپرسە لە پرسگەی ناوەوەی وەزارەت وەڕێکخستنی ئەوانەی دەیانەوێت چاویان بە وەزیر بکەوێت یان بە ئەرکی ڕەسمی سەردانی وەزیر دەکەن ٠

**ماددەی شەست و حەوت :**

دەستەلاَتی دارایی بۆ ڕاپەڕاندنی کارو باری ڕۆژانەی تاکو (٢,٠٠٠,٠٠٠ ) دوو ملیون دینار بۆ هەر مانگێك وە خەرج کردنی بەپێی ڕێنماییەکان ۰

١٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەست و پرچەك کردن و ئامادەکردن و فرۆشیاری

**ماددەی شەست و هەشت :**

أ- پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) رۆژ بەبێ مووچە ۰

ب- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بەپێی ڕێنماییەکان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە ۰

ج- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەرێوەبەرایەتیەکەیدا ۰

د- گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (رائد تا ملازم) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەلاَتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیاردەکات بۆ بەرپرسانی ۰

ه- ڕەوانەکردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی بەپێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو ۰

**ماددەی شەست و نۆ :**

أ- ڕێکلامکردن و بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا تایبەت بەئیش و کاری بەڕێوەبەرایەتیەکەی بە مەرجێك لایەنی چەك و تەجهیزاتی سەربازی نەگرێتەوە ۰

ب- دووبارەکردنەوەی ڕاگەیاندنەکانی کەمکردنەوە (المناقصات) ۰

ج- وەرگرتی بڕێك پارە لە و کۆمپانیایانەی کە بەشداری کەمکردنەوە دەکەن بەپێ ی ڕێنمایی و ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ۰

**ماددەی حەفتا :**

أ- واژووکردن لەسەر گرێبەستەناوخۆیی و دەرەکیەکان کە وەزارەت پێ هەلدەستێت پالپشت بەو بڕیارانەی کە لیژنەی گرێبەست دەیکات ، هەروەها واژووکردن لە لای ( دادنووس ) بۆ ئەو مەبەستە ۰

ب- درێژکردنەوەی ، گرێبەستەکان و ( الأعتمادات ) بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ بە پێی مەرجەکانی گرێبەست دوای وەرگرتنی ڕای لایەنی پەیوەندار ۰

**ماددەی حەفتا و یەك :**

أ- ڕەزامەندیدان بۆ سەرفکردن و دابەشکردنی چەك و چەکی مەشق و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی ( **تجهیزات العسکریة** ) بۆ پێشمەرگەی کوردستان بە ڕەزامەندی وەزیری پێشمەرگە ۰

ب- دەسەلاَت و ڕەزامەندی دان لەسەر درێژكردنەوەی ( الأعتمادات ) و ( التجهيز ) كردن بۆ ماوەی (٣)ی مانگ لە ژێر ڕۆشنایی پێویستی بۆ كەل و پەل و هەلومەرجی گرێ بەست و مەرجـەكانی ، وە ڕەچـاوكردنی بەرژەوەنـدی هەرێمی كوردستان لەلایەن گرێ بەستكار بە ڕاوێژكردن لەگەلّ لایەنی خاوەن داوا ٠

**ماددەی حەفتا و دوو**

أ- بانگهێشتكردنی نوێنەری كۆمپانیا ڕێگاپێدراوەكان بۆ واژووكردنی گرێبەستەكان

ب- واژوكردنی گرێ بەست بۆ كەل و پەلی سەرەكی و یەدەك بەپێی ڕێنمای یاساو ژمێریاری ٠

ج- واژوكردنی ڕێكەوتنی زیادە و هاوپێچی گرێبەستەكان كەپێشتر واژوی لەسەر كراوە لەلایەن لایەنی پەیوەندار كە بڕی لە ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار تێپەڕ نەكات ٠

**ماددەی حەفتا و سێ**

أ- پێدانی نرخی تەواوی ئەو كەل و پەل و ئۆتۆمبێلانەی كە ڕەزامەندی وەزیری پێشمەرگە یان سـەرۆكی ئـەركانی لەسەر دەدرێت ٠

ب- ڕەزامەندی دان لەسەر ڕەتكردنەوەی ئامادەكردنی (التجهيز) كەلوپـەل و پێداویـستی سـەربازی سـەرەكی كـە گرێبەستی لەسەر كراوە پاش وەرگرتنی ڕای لایەنی پەیوەندار و پشتگیری كردنی كە نرخەكەی بەپێی ڕێنمـایی یاسای ژمێریاری دیاری دەكرێت ٠

**ماددەی حەفتا و چوار :**

دەسەلاَتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بـۆ هـەر مانگێك وە خەرج كردنی بەپێی ڕێنماییە داراییەكان ٠

١٧- بەڕێوەبەرایەتی تاكەكان و خۆبەخشەكان

**ماددەی حەفتا و پێنج :**

أ- پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە ٠

ب- پێشنیاری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماییـەكان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە ٠

ج- هەلّوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەی ٠

د- گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (رائد تا ملازم ) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەلاَتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم ) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی ٠

هـ- دەستەڵاتی سزادانی دیسپلینی هەیە بەسەر خۆبەشەکان و سەرپێچیکاران لە کـاتی ئەنجامـدانی گێرەشـێوێنی و پابەندنەبون بە دسپلینی سەربازی ·

و- ڕەوانە کردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو ·

**ماددەی حەفتا و شەش :**

أ- وەرگرتنی پێشمەرگە لە سەرجەم ڕشتەکانی (الصنوف) هێزی پێشمەرگە و قوتابیانی خوێندکارە سەربازیەکان ·

ب- (إستخدام) بەکارخستنی ئەفسەری بنکەی خۆبەخشان لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیـەکی تـر لـە هـەمان بەڕێوەبەرایەتی لە کاتی پێویستدا ·

**ماددەی حەفتا و حەوت :**

أ- دووبارە کردنەوەی پشکنینی پزیشکی ·

ب- ئامادەکردنی ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکرێت لەڕاستی و دروستی دۆسیەکەی و ڕەوانەکردنەوەی بۆ لێکۆلینەوە.

**ماددەی حەفتا و هەشت :**

أ- خەرجکردنی (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینـار زیـاتر نـەبێ وەك کـرێ بـۆ گواسـتنەوەی پێـشمەرگە بـۆ یەکەکانیان ·

ب- دەسەلاَتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینـار بـۆ هەرمانگێك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان ·

ت- دەسەلاَتی دارایی تاکو (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار هەر مانگێك بۆ هەریەك لە بنکەکانی خۆبەخشی لە پارێزگاکانی هەرێم و خەرجکردنیان بەپێی ڕێنماییە داراییەکان ·

١٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و چاودێری خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان

هەڵدەستێ بە راپەڕاندنی سەرجەم ئیش و کارەکانی خانەنشینی پێشمەرگەو کەم ئەندامان بە پێی یاسای کار پێکراو

**ماددەی حەفتا و نۆ :**

أ- پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠ ) رۆژ بە مووچەی تەواو و مـاوەی (٦٠) رۆژ بەبێ مووچە ·

ب- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بـە پێـی ڕێنماییـەکان و وە لەڕێگـەی بەرپرسانیەوە ·

پ- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلە بەپێی دروست بوونی بۆشایی(میلاکات) ·

د- پێشنیاری دامەزراندن بۆ پڕکردنەوەی میلاکات ·

هـ- گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (رائد تا ملازم) ناو بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا لە دەسـەڵاتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنيار دەكات بۆ بەرپرسانی ٠

**ماددەی هەشتا :**

پێشنيار ودياريكردنی ئەو كەسانەی كە پێويستيان بە چارەسەر هەيە بۆ دەرەوەی هەرێم لە خانەنشينی پێشمەرگە كە خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكانن بەپێی بڕياری ليژنە پزيشكی تايبەت ٠

**ماددەی هەشتا و يەك :**

أ- سەرف كردنی خەرجی ليژنەكانی بەڕێوەبەرايەتی لە سنوری دەسەڵاتی دارايی و ڕێنماييە داراييەكان ٠

ب- دەسەڵاتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش مليۆن بـۆ هـەر مانگێك وخەرجكردنی بەپێی ڕێنماييە داراييەكان ٠

ج- دەسەڵاتی دارايی تاكو (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دينـار هـەرمانگێك بـۆ هەريـەك لـە بەڕێوەبەرايـەتی پارێزگاكانی هەرێم و خەرج كردنی بەپێی ڕێنماييە دارايەكان ٠

**ماددەی هەشتا و دوو :**

أ- پێشنيار و دەستنيشانكردنی پلەی خانەنشينی بەپێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو جگە لەوانەی كە بە فەرمانی سەرۆكايەتی دامەزراون ٠

ب-خانەنشينی پێشمەرگە و خاوەن پێداويستی تايبەت بە پلەی ئەفسەر بە سەرەوە بە فەرمانی وەزاری دەبێ ٠

ج- ڕەوانەكردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشينی بەپێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو ٠

**ماددەی هەشتاو سێ**

دروستكردنی پەيوەندی لەگەڵ ڕێكخراو و كۆمەڵە حكومی و ناحكوميەكانی عێراق و جيهان بە مەبەسـتی سـودی پێشمەرگەی خانەنشين و خاوەن پێداويستيە تايبەتيەكان بە ئاگاداری وەزارەت ٠

**ماددەی هەشتا و چوار :**

داواكردنی زانياری بە خزمەت و پلە و شوێن و يەكەكەی كە خزمەتی تێـدا كـردووە لـەو يەكـە و لايەنانـەی كـە پەيوندارن بە پێشمەرگە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە٠

**ماددەی هەشتا و پێنج:**

بەڕێوەبەرايەتی شارەكان ئەو بڕيار و ڕاسپاردانە جێبەجێ دەكەن كە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرايەتی گشتی دەردەچێت و ئاسانكاری دەكەن ٠

١٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی یاسایی

**ماددەی هەشتا و شەش :**

أ- پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی(٦٠) رۆژبەبێ مووچە ٠

ب- پێشنیاری بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف ) بە پێی ڕێنماییەکان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە ٠

ج- گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد ) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی ٠

د- ڕەوانەکردنی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکە بۆ خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو ٠

هـ- پەسندکردنی ئەو گرێبەستانەی کە لە وەزارەت ئەنجام دەدرێن ٠

**ماددەی هەشتا و حەوت :**

أ- بەرزکردنەوەی دەعوا بۆ بەردەم دادگای مەدەنی و بەدەستهێنانی مافی وەزارەت وهەلبژاردنی پارێزەران و بەرگری لێی و واژوو کردن لەسەر بریکارینامەی تایبەت بەوان ٠

ب- هەستان بە پێڕاگەیاندنی یاسایی و ڕازیبوون لە سەر جێبەجێ کردنی ئـەو داوایانــەی کــە لــە دادگاکانــەوە دێ سەبارەت بە ئامادەکردنی سەربازان لە بەردەم دادگاکان جێبەجێ کردنی فەرمانی دەستگیرکردن و ڕاگیرکـردن و دواخستنی ئەو داوایە بە پێی حوکمەکانی یاسایی پێڕاگەیاندنی یاسایی سەربازی کارپێکراو ٠

ج- گواستنەوەی داوا لە مەحکەمەی سەربازی بۆ مەحکەمەیەکی تری سەربازی ٠

**ماددەی هەشتا و هەشت :**

أ- پێشنیارکردنی ئەفسەرانی یاسایی و ئەفسەران کە هەلگری بڕوانامــەی یاســان بــۆ پایــەی ئەنــدامانی دادگــا و بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئیدارەی ئەفسەران و ڕەزامەندی ئەمینداری گشتی ٠

ب- پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی و سەبارەت بە کێشە یاسایەکان لە نێوان دادگا سەربازیەکان رەئی فەرمانگـەی یاسایی یەکلاکەرەوە دەبێت ٠

**ماددەی هەشتا و نۆ :**

أ- ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و ڕێساکانی وە پێشنیاری گۆرانکاری بۆ پرۆژە یاساکان ٠

ب- پێڕاگەیاندنی فەرمانەکانی پەیوەندی دار بە جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێساکان و سەرپەرشتی کردنی و بەڕیوەچوونی

ج- گشتاندنی یاسا و ڕێساکان٠

د- وردبینی لە کاری ئەنجومەنی لێکۆلینەوەکان ٠

**ماددەی نەوەت :**

چاودێری کردنی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکانی یاسایی و ئاراستەکردنیان ٠

**ماددەی نەوەت و یەك**

نوێنەرایەتی کردنی وەزارەت لە ڕووبەڕوبونەوەی ئەو کێشە یاسایانەی ڕووبەڕو دەبێتەوە یان ئەو داوا یاسایانەی لەسەر وەزارەت تۆمار دەکرێت .

**ماددەی نەوەت و دوو**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بـۆ هـەر مانگێك و خەرجکردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

**ماددەی نەوەت و سێ**

بەشداری کردن لە هەموو لیژنەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کە پێویست بکاتێیدابن .

٢٠. دادگای تەمییزی سەربازی

**ماددەی نەوەت و چوار** .

أ. بالاترین دەسەڵاتی دادوەری سەربازیە لە ناو پێشمەرگەی کوردستاندا و هیچ دەسەڵاتێك نیە لە سەرووی تـەنها یاسا نەبێت و ئەرکی ووردبینی کردنی ئەو بڕیارانەیە کە لە دادگا سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەردەچن .

ب. دادگای تەمییزی سەربازی پێکدەهێنرێت بە بڕیاری فەرماندەی گشتی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر پێشنیاری وەزارەت .

ج. هەریەك لەو دوو دەستەیە دادەنیشن بە فەرمانی سەرۆکی دادگای تەمییز و بە سەرۆکایەتی جێگری دادگاو دووان لە ئەندامانی دادگا و بڕیارەکان بە کۆك بوون دەردەچن :

**یەکەم :** دەستەی تایبەتمەندیەتی یەك : کاری ئەم دەستەیە چاو پێخشاندنەوە  و ووردبینی کردنی ئەو بڕیارانەیە کە لە دادگا سەربازیەکان دەردەچن بە پێی بڕگەکانی یاسای سزادانی سەربازی کار پێکراو .

**دووەم :** دەستەی تایبەتمەندیەتی دوو: کاری ئەم دەستەیە چاو پێداخشاندنەوە و ووردبینی کردنی ئەو بڕیارانەیە کە لە دادگا سەربازیەکان دەردەچن بە پێی بڕگەی یاساسزاییەکانی تر .

**ماددەی نەوەت و  پێنج**

أ. دانیشتنەکانی دەستەی گشتی دادگای تەمییزی سەربازی بە ئامادە بوونی سەرۆکی دادگا و ئەندامیەتی هەردوو جێگرەکەی و ئەندامیەتی ئەندامە جێگیرەکان .

ب. دەستەی گشتی دادگای تەمییزی سەربازی لەم کاتانەدا بڕیار بەکۆك بوون یان زۆرینە دەدات :

**یەکەم :** بڕیاری لە سێدارەدان **(الأعدام)** .

**دووەم :** ئەو دۆسیانەی کە ناکۆکی لە سەرە لەلایەن دەستەی تایبەتمەندەکان  .

**سێیەم :** دۆسیەی دووبارە كردنەوەی دادگایی .

**چوارەم :** ئەو دۆسیانەی كە دادگا بڕیار دەدات بە پێشكەش كردنی بۆ دەستەی گشتی دادگا .

**ماددەی نەوەت و شەش**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێم بۆ ماوەی (٣٠ ) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠ ) رۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەروو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە .

ج. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (رائد تا ملازم) ناو بەرێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

د. بەڕێكردنی فەرمانبەران لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ جێبە جێكردنی ئەركی فەرمی .

ه. رەوانە كردنی فەرمانبەران و ئەفسەران بۆ خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشینی كارپێكراو .

و. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن .

**ماددەی نەوەت و حەوت**

دەسەلأتی دارایی هەیە بۆ راپەراندنی ئەرك و كاروباری رۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك و خەرجكردنی بە پێی رێنماییە داراییەكان .

٢١. دادگا هەمیشەییە سەربازیەكان .

**ماددەی نەوەت و هەشت**

أ. پێنشیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەروو پلەی (ن.ع) بە پێی رێنماییەكان و وە لە رێگەی بەرپرسانیەوە .

ب. پێشنیاری گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی دەكات بۆ سەروو خۆی .

ج. پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستان بۆ ماوەی (٣٠ ) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠ ) رۆژ بەبێ مووچە .

**ماددەی نەوەت و نۆ**

أ. دادگا سەربازیەكان بەبڕیاری فەرماندەی گشتی پێشمەرگە پێكدەهێنرێت و كاری بڕیار دانە لەو دۆسیانەی كە رەوانە دەكرێت بۆیان لەلایەنی پەیوەندار بە پێی یاسای سزادانی سەربازی و یاسای بنەما دادبینە سزاییەكانی كارپێكراو .

ب. بڕیارەكانی دادگا سەربازیەكان مل كەچە بۆ وردبینی كردن و پێداچوونەوە لەلایەن دادگای تەمییزی سەربازی هەرێمی كوردستان .

**ماددەی سەد**

هەر دادگايەكی سەربازی دەسەلأتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٣,٥٠٠,٠٠٠ )سێ مليۆن و پێنج سەد هەزار دينار بۆ هەر مانگێك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان .

٢٢. بەڕێوەبەرايەتی گشتی ڕاگەياندن و ڕۆشنبيری هۆشياری نيشتمانی .

**ماددەی سەد و يەك**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسايی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنياری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماييەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانيەوە .

ج. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا لە دەسەلأتی خۆی دەبێت وە لە پلەی( مقدم) بۆ سەرەوەپێشنيار دەكات بۆ بەرپرسانی .

هـ. ڕەوانەكردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشينی بەپێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو .

**ماددەی سەد و دوو**

أ. ئامادەكردنی بەرنامەی ڕۆشنبيری و نيشتمانی بە مەبەستی هۆشياركردنی پێشمەرگە بە ئينتيمای نيشتمانی بە ڕەزامەندنی وەزير .

ب. دەركردنی گۆڤارێك كە گوزارشت لە خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگە و مێژوو سەروەريەكانی بكات .

ج. سازدانی كۆڕ و كۆبونەوەی يەكەكانی پێشمەرگە بە مەبەستی هۆشياركردنەوەی .

د. كردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و خولی كۆمپيوتەر.

هـ. ئامادەكردنی بەرنامەيەكی تەلەفزيۆنی تايبەت بە پێشمەرگەی كوردستان هەفتانە گوزارشت لە سياسەتی گشتی وەزارەت بكات .

و. ڕێكخستنی كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و گواستنەوەی چالاكيەكانی وەزارەت و يەكە سەربازيەكان بە ڕەچاوكردنی تايبەتمەنديەتی وەزارەت .

ز. دامەزراندنی سايتێكی تايبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە .

ح. پێشكەش كردنی بەرنامەی ڕاديۆيی تايبەت بە پێشمەرگەی كوردستان .

ك. سازدان و سەرپەرشتی كردنی ڕێوڕەسمی ياد و بۆنە نيشتمانيە فەرميەكان .

ل. بەدواداچوون و چاودێری كردنی ڕاگەياندنەكان بە گشتی و پێڕاگەياندنی وەزيری پێشمەرگە لە هەر هەواڵێكی تايبەت بە پێشمەرگە ئەويش لە ڕێگای (أنصات) گوێ هەڵخستن .

م.كردنەوەی كتێبخانەيەكی تايبەت بە زانياری و هۆشياری سەربازی .

**ماددەی سەد و سێ**

پێشنيار كردنی ووتەبێژی فەرمی وەزارەت بە ڕەزامەندی وەزير .

**ماددەی سەد و چوار**

أ. بەڕێوەبەرايەتی گشتی ڕاگەياندن و هۆشياری دەنگ و ڕەنگی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت و ئامانجی گەياندنی بۆچوونەكانی وەزارەتی پێشمەرگە و تاكە سەرچاوەی پەيوەندی كردن دەبێت بۆ دەزگاكانی ڕاگەياندن و ڕای گشتی.

ب. دەسەڵاتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٤,٠٠٠,٠٠ ) چوار مليۆن دينار بۆ هەر مانگێك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان .

٢٣. بەڕێوەبەرايەتی گشتی بوودجە و بەرنامەكان (ژمێرياری سەربازی) .

**ماددەی سەد و پێنج**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسايی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنياری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماييەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانيەوە .

ج. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی( مقدم) بۆ سەرەوەپێشنيار دەكات بۆ بەرپرسانی .

ه. ڕەوانەكردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشينی بە پێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو .

**ماددەی سەد و شەش**

أ. سڕينەوەی ئەو كەلوپەلانەی كە نرخەكانيان لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دەمليۆن دينار زياتر نەبێت بۆ هەر جارێك پاش ڕەزامەندی وەزير و بە ئاگاداری ميرەی وەزارەت .

ب. سڕينەوەی نرخی چەكی قورس و كەلو پەلی تايبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە كەوون دەبێت يان تێكدەچێت لە كاتی خزمەتدا نرخەكەی هەرچەند بێت پاش فەرمانی وەزير .

ج. ڕەزامەنديدان لەسەر پێدانی نرخی ئەو كەمووكوڕيانەی لە ئەنجومەنی لێكۆڵينەوە (مجلس التحقيق) دياری دەكات بە خەرج كردنی بۆ خەزێنەی سەربازی پاش سەلماندنی لە دەست تێدانەبوون و كەمتەرخەمی لە بەكارهێنانی لەلايەن بەكارهێنەرەكەوە لە (٢,٠٠٠,٠٠ ) دوو مليۆن دينار زياتر نەبێت .

د. سڕینەوەی هەموو قەرز و سوودەكانی دەوڵەت كە لە ئەستۆی (شەهید) دایە لە ڕۆژی شەهید بوونیەوە .

ه. ڕێككردنەوەی ( التسوية) ئەو قەرزانەی كە بە ڕەزامەندی یان دادگایی كە بە بەش بەش (تقسيط) دەدرێنەوە بە وەزارەت و ئەگەر لە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دەملیۆن دینار زیاتر بوو دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وەربگیرێ .

و. دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك وكاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك و خەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

**ماددەی سەد و حەوت**

أ. زیاد كردنی نەسریەی ئاسایی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی .

ب. خەرج كردنی لیستی دەرماڵەی سەفەر كردن و ئیفاد بە شێوەیەكی ڕەها .

ج. خەرج كردنی ئەو بڕە پارانەی كە ڕێگەی پێدراوە بە پێی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەكان یان ئەو كەسەی لە بەڕێوەبەرایەتیەكەی دەسەڵاتی پێدەدات بە بێ گەڕانەوە بۆ وەزیر جگە لەو بابەتانەی كە پەیوەستە بە نرخی گرێبەست و ڕێكەوتنە داراییەكان .

د. خەرج كردنی پێشینە بە پێی ڕێساكان و ڕێنماییە داراییەكان كە لە وەزارەتی دارایی ڕێگەی پێدراوە لە هەموو كاتێكدا یان ئەو كەسەی لە بەڕێوەبەرایەتیەكەی دەسەڵاتی پێدەدات .

**ماددەی سەد و هەشت**

أ. پێدانی بڕی ئەو پارانەی كەلەلایەن دادگاوە لەسەر وەزارەت دەردەچێت پاش بە دەست هێنانی جێگیر بوونی كۆتایی بڕیارەكەو دیاری كردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاسایی و بە پێی یاسا و ڕێساكانی كار پێكراو.

ب. ڕەزامەندی دان لەسەر گواستنەوە (المناقلة) بۆ ئەو كەلوپەلانەی لە هەمان پۆلدا دیاری كراوە بە مەبەستی دابینكردنی توانای ئەو خەرجیانەی كە پێویستە بدرێت (مستحقة الأداء) .

**ماددەی سەد و نۆ**

أ. پەیوەندی كردن و هەماهەنگی بە وەزارەتی دارایی بۆ هەموار كردنی میلاكاتی فەرمانبەرانی وەزارەت و (مستخدمين محليين) و (ملحقيات العسكرية) .

ب. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەكان (ژمێریاری سەربازی) بەرپرسە لە سەر جێبە جێكردنی فەرمانە داراییەكان بە پێی ئەو دەسەڵاتە داراییانەی دراوە بە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و دامودەزگاكانی وەزارەتی پێشمەرگە.

**ماددەی سەد و دە**

واژوو كردن لە سەر هەموو نوسراوێكی تايبەت بە كاروباری دارايی لە شێوەی (شيك) بە پێی ڕێنماييە داراييەكان .

٢٤. بەڕێوەبەرايەتی ئيش و كاری پزيشكی

**ماددەی سەد و يانزە**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسايی لەناو هەرێمی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو وە ماوەی (٦٠ ) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنياری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماييەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانيەوە .

ج. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزاندن لە بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنيار دەكات بۆ بەرپرسانی .

هـ. ڕەوانە كردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشين بە پێی ياسای خانەنشينی كارپێكراو .

و. بەكارخستنی ئەفسەرانی پزيشك لە كاتی پێويستدا .

**ماددەی سەد و دوانزە**

أ. خەرجكردنی نرخی ئەو كەلوپەلە پزيشكيانەی كە پێويستە بۆ نەخۆشخانەكانی وەزارەت و پێشمەرگەی كوردستان لەلايەن ليژنەيەكی هاوبەش لە ڕشتی (**صنفي طبابة**) وە بەڕێوەبەرايەتيە پەيوەنديدارەكان .

ب. كڕينی كەلوپەلی پزيشكی و دەرمان و ئامێری پزيشكی لەلايەن ليژنەيەكی تايبەت بۆ ئەو كارە پێك دەهێنرێت مانگانە بە پێی پێداويستيەكانيان و ڕێنمايی دارايی .

ج. دەسەڵاتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانە تاكو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ مليۆن دينار بۆ هەر مانگێك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان.

**ماددەی سەد و سيانزە**

أ. فرێدانی دەرمانی بەسەرچوو پاڵپشت بە بڕياری ليژنە كە پێويستە نوێنەری ژمێرياری ئەندام بێت و پشتگيری ئەو فرێدانە بكات وە هيچ جۆرە پشت گوێ خستنێك نەبوبێتە هۆی خراپ بوونی دوای پێكهێنانی ليژنەی تايبەت .

ب. فرێدانی ئامێرو كەل و پەلی پزيشكی و دابەزاندنی لە ئەستۆ بە تەواوی پاڵپشت بە بڕياری ليژنەكە پێويستە نوێنەری ژمێرياری ئەندام بێت و پشتگيری ئەو فرێدانە بكات وە هيچ جۆرە پشت گوێ خستنێك نەبوبێتە هۆی خراپ بوونی وە ليژنەی تايبەتی بۆ دياری بكرێت .

## ماددەی سەد و چواردە

أ. داواكردنی ئۆتۆمبێلی تايبەت بۆ گواستنەوەی دەرمان و كەل و پەلی پزيشكی لە شوێنێك بۆ شوێنێكی تر.

ب. دابين كردنی هەموو پێداويستی نەخۆشخانەكان و ئۆتۆمبێلی فرياكەوتنی نویٚ بۆ يەكە سەربازيەكان .

## ماددەی سەد و پانزە

أ. درێژ كردنەوەی ماوەی چارەسەر كردن بۆ ماوەی (١٥) رۆژ تەنها يەك جار.

ب. پێكهێنانی ليژنەی پزيشكی هەميشەيی بۆ چاودێری نەخۆش و كەم ئەنـدامانی پێـشمەرگە و بريـاردان لەسـەر چۆنيەتی چارەسەركردنيان لە ناوەوەی هەرێم يان لە دەرەوەی هەرێم يان خانەنشين كردنيان بە پێی رێنمايی .

٢٥. بەڕێوەبەرايەتی پلان دانان و پەرەپێدان و نوێكردنەوە و ڕێكخستن

## ماددەی سەد و شانزە

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسايی لەناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوە ی (٣٠ ) رۆژ بە مووچەی تـەواو وەمـاوەی (٦٠ ) رۆژ بەبیٚ مووچە .

ب. پێشنياری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی رێنماييەكان و وە لـە رێگـەی بەرپرسانيەوە .

ج. هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرايەتيەكەيدا لە دەسەڵاتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنيار دەكات بۆ بەرپرسانی .

هـ. پلان دانان بۆ رەوانەكردنی هێز بە پێويستی ئۆپەراسيۆن .

## ماددەی سەد و حەڤدە

أ. ئامادەكردن و پلان و كرانەوە بۆ هێزەكان بەپێی ناوچەكانی هەرێم و سروشتی ئۆپەراسيۆنەكان .

ب. ئامادەكردنی پيلانی (هەرێم) بۆ ئێستا و داهاتوو بۆ جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن .

ج. ئامادەكاری بۆ ڕاپۆرتی هەڵوێست وەرگرتن لە ژێر رۆشنايی ئەركی سەربازی ئێستا و داهاتوو بە پێی پێويستی ئۆپەڕاسيۆنەكان .

د. ئامادەكردنی ئامارێك بۆ (اشخاص / اسلحة/ آليات) ناو وەزارەتی پێشمەرگە .

## ماددەی سەد و هەژدە

أ. بەشداری كردن لەگەڵ ليژنە هاوبەشەكانی بەڕێوەبەرايـەتی جموجـۆلی سـەربازی و بەڕێوەبەرايـەتی هـەواڵگری سەربازی كە تايبەتە بە ئەركی پێشمەرگە.

ب. ووردبينی جێبەجێكردنی پلانی سەربازی بە بەردەوام .

ج. پێشکەش کردنی ڕاو بۆ چوون بۆ سەرووی خۆی لەوەی کە پەیوەندیدار بە ئۆپراسیۆنە سەربازیەکان کە لە داهاتوودا ئەنجام ئەدرێت و وەشیکردنەوەی وانەی دەست کەوتوو لەو ئۆپراسیۆنانەی کە ئەنجام دراوە .

## ماددەی سەد و نۆزدە

بەسەرکردنەوەی هەموو شوێنی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکان لە ڕێگەی لیژنە هاوبەشەکانی نێوان بەڕێوەبەرایەتی جموجۆلی سەربازی و هەواڵگری سەربازی .

## ماددەی سەد و بیست

أ. ئامادە کردنی میلاکاتی هەمیشەیی پێشمەرگەی کوردستان .

ب. ئەنجامدانی گۆرانکاری لە میلاکات بە پێی پێویست لەسەر داوا و ڕەزامەندی وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی ئەرکان.

ج. ئامادەکردنی میلاکاتی تاقیکراوە و پێشنیارکراو لە ڕۆشنایی پێشکەوتنی پێشمەرگە .

د. هەڵسەنگاندن و پێشکەشکردنی پێشنیاری تایبەت بە میلاکات کە بەشدارە لە پێشخستنی هێزی تایبەت .

## ماددەی سەد و بیست و یەك

بەشداریکردن لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر بۆ گەشە پێدانی پێشمەرگە .

## ماددەی سەدو و بیست و دوو

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٤,٠٠٠,٠٠٠ ) چوارملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وە خەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

٢٦. بەڕێوبەرایەتی پۆلەکان (الصنوف) .

## ماددەی سەدوو بیست و سێ

أ. پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠ ) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. ڕەوانە کردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشین بە پێی یاسای خانەنشینی کارپێکراو.

ج. پێشنیاری بەرز کردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییەکان و لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە.

د. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا .

هـ. گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

## ماددەی سەد و بیست و چوار

سەرپەرشتی کردنی پۆلەکانی پێشمەرگە (رشتەکانی پێشمەرگە) .

## ماددەی سەدو بیست و پێنج

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینـار بـۆ هـەر مانگێك وەخەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

٢٧. بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنی سەربازی ( مخابرة)

## ماددەی سەد و بیست و شەش

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠ ) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. ڕەوانە کردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشین بەپێی یاسای خانەنشینی کار پێکراو .

ج. پێشنیاری بەرز کردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریـف) بـە پێـی ڕێنماییـەکان و وە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە.

د. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا .

هـ. گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

## ماددەی سەد و بیست و حەوت

أ. کۆنترۆل کردنی هەموو هێڵە تەلدار بێ تەلەکان لەناو پێشمەرگەی کوردستان .

ب. چاککردنەوە و نوێکردنەوەی کەلو پەلی پەیوەندی کردنی تەلدار و بێ تەل .

ج. دابین کردنی پێداویستی گەیاندنی تەلدار و بێ تەل بۆ یەکەکان .

د. کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فێربوونی چۆنیەتی بە کارهێنانی ئامێری پەیوەندی کردنی تەلدار و بێ تەل لە کاتی پێویستدا .

هـ. پێشنیار کردنی گۆرینی ئەوئامیرە تەلدار و بێتەلانەی کە لە کارکەوتوە وە دابەزاندنی لە ئەستۆ پاش ڕەزامەندی سەرو خۆی .

و. سەرپەرشتی کردنی هەموو ڕشتەی مخابرە لە هەموو تشکیلات و یەکەکاندا .

ی. پێشنیار کردن لە سەر کرینی جۆری تەلدار و بێ تەل بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان .

## ماددەی سەدو بیست و هەشت

دەسەلأتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینـار بـۆ هـەر مانگێك وەخەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٢٨. بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی و باوەڕی

## ماددەی سەد و بیست و نۆ

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچـەی تـەواو و مـاوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییـەكان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەلأتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

ه. ڕەوانە كردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشین بەپێی یاسای خانەنشینی كارپێكراو .

## ماددەی سەد و سی

أ. دانانی پلانی مەشقی سەربازی بۆ پێشمەرگەی كوردستان و بەرزكردنەوەی ئاستی شەڕ كردن .

ب. سەرپەرشتی و ئامادەكردن و جێبە جێ كردنی خولی سەربازی بڕیار لەسەر دراو .

ج. ڕێكخستنی مەشق و ڕاهێنان و دەركردنی بەرنامەی مەشق و ئامۆژگارییە مەشقە سەربازیەكان وە بەرزكردنەوە و ئامادەكردنی ڕاهێنانی هاوبەشی و سەرپەرشتی جێبە جێ كردنی ٠

د. ڕاپۆرت لەسەر چۆنیەتی جێبـەجێ كردنـی مـەشـقی سـەربازی بـۆ جێگـری دەسـتەی ئـەركان ئۆپەراسـیۆنەكان (العملیات).

## ماددەی سەد و سی و یەك

أ. دەستنیشان كردن و پێشنیار كردنی دارایی و كارگێریەكان تایبەت بە مەشقی سەربازی .

ب. پێشنیار كردنی نێردراوان بۆ مەشق و ڕاهێنانی سەربازی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم.

## ماددەی سەد و سی و دوو

أ. ئامادەكردنی ڕاهێنانی تایبەت بۆ پێشخستنی سەربازی وە هۆكاری ڕێكخستنی و پشكنینی سیستەمی چەك و كەل وپەلی نوێ ی سەربازی .

**ب.** دانانی پلان وە خشتەی مەشق و ئەنجامدانی پشکنینی مەشق و تـاقی کردنـەوەی پلـە بـەرز کردنـەوەی خـوار ئەفسەران ( جێگری ئەفسەر ، **رئيس عرفاء** ، **رئيس عرفاء السرية**) بە ڕێکەوتن لەگەل بەڕێوەبرایەتی (پۆلەکان) (صنوف) بە پێی ڕێنماییەکان .

**ج.** هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی مەشقی یەکەکان و ڕاسپاردەی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئۆپەراسیۆن .

**د.** سەرپەرشتی دام ودەزگاکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی مەشق دەکات وە پێشکەش کردنی ئاسانکاری پێویست بۆ پێشخستنی توانای سەربازی پێشمەرگە .

### ماددەی سەد وسی و سیٚ

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پلە بەرز کردنەوەی ئەفسەران .

### ماددەی سەد و سی و چوار

**أ.** ڕەزامەندی دان لەسەر دابەزاندنی پەرتوك و نامیلکەی سەربازی بەسەرچوو ڕەتکراوەکان لە ئەستۆ .

**ب.** بەستنی کۆنگرە و گفتوگۆ کردنی تایبەت وە پەیوەند بە باوەڕی سەربازی .

ج. ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی پەڕاوگە و کەل و پەلی مەشق بۆ یەکەکان بە پێی ڕێنماییەکان .

### ماددەی سەد و سی و پیێنج

**أ.** پلان دانان وە هەماهەنگی خوێندن لە کۆلیژی سەربازی وە کۆلیژی ئەرکان وە دام و دەزگا مەشقیەکان تایبەت پێوە ، و سەرپەرشتی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و زانستی خوێندن تێدا .

**ب.** کەمکردنەوە و زیاد کردنی خولە سەربازیەکان بەمەرجێك تێپەڕ نەکات (١٠٪ )ی ماوەکەی .

### ماددەی سەد و سی و شەش

**أ.** دیاریکردن و ناردنی نوێنەر لە ئەفسەران بۆ سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە ئەفسەر و جێگر ئەفسەر بۆ ئەفسەرەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی خۆی و داوای ئەفسەرانی تر لە ڕێگەی سەرۆکی ئەرکانەوە .

**ب.** بە کار خستنی (إستخدام) ئەفسەری فەرماندە لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا بـۆ کـارێکی دیـاری کـراو تاکۆتایی دێت لەو کارە .

### ماددەی سەد و سی و حەوت

**أ.** بەخشینی دیاری نەختی و جـۆری بـۆ دەرچـووە یەکەمـەکان لـە قوتابیـانی کۆلیـژە سـەربازی و خوێنـدنگا سەربازیەکان بە مەرجێك لە (١٥٠٠٠٠ ) سەد و پەنجا هەزار زیاتر نەبێت .

**ب.** دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وەخەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

٢٩. بەڕێوەبەرايەتی وەرزشی سەربازی

**ماددەی سەد و سی و هەشت**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز کردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییـەکان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا .

د. گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

**ماددەی سەد و سی و نۆ**

بانگێشت کردنی ئەفسەران و جێگری ئەفسەران و سەربازان لە ناو پێکهاتەی پێشمەرگەی کوردستان بـۆ بەشـداری کردن لە ئاهەنگی وەرزشوانی و خۆپیشاندانی وەرزشی یان ئامادەکردنیان بۆ پێشبرکێ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق . بۆ ناو هەرێم ڕەزامەندی سەرۆکی ئـەرکان و ئەمینـداری گـشتی دەوێـت بـۆ دەرەوەی هـەرێم ڕەزامەندی وەزیری پێشمەرگەی دەوێت.

**ماددەی سەد و چل**

أ. خەرج کردنی(٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار هەر جارێك بە مەبەستی ڕاهێنانی وەرزشی و یاری کردن .

ب. دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و کاروباری ڕۆژانەی تاکو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وەخەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

**ماددەی سەد و چل و یەك**

أ. ڕەزامەندی دان لەسەر دەست بەتاڵ بوونی هەندێك لە یاریزانان بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداری کردنی پێشبرکێی وەرزشی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەی دوو مانگ تێپەر نەکات .

ب. پێشنیاری ئەنجامدانی گرێبەست بۆ دابین کردنی یاریزانان و ڕاهێنەر بۆ یانەی پێشمەرگە بۆ سەرووی خۆیان.

ج. پێشنیاری خولی ساڵانە لە ناو یەکەکانی پێشمەرگە .

د. سەرپەرشتی وەرزشی جەستەیی و هەموو جۆرە وەرزشێك لە ناو یەکەکاندا .

٣٠. بەڕێوەبەرایەتی ئۆپەڕاسیۆنەکان

**ماددەی سەد و چل و دوو**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) رۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) رۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز کردنەوەی پلەی سەربازی دەکات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییەکان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا .

د. گواستنەوەی کارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەکات بۆ بەرپرسانی .

**ماددەی سەد و چل و سێ**

أ. وەرگرتنی فەرمان و ڕێنمایی و نوسراوی فەرمی لەلایەنی پەیوەندار لە سەرووی خۆی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنەکان و بەرزکردنەوەی بۆ سەرووی خۆی .

ب. پێڕاگەیاندنی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان لەو فەرمانانەی کە لە سەرووی خۆیەوە دەردەچێت.

ج. ئامادەکردنی کۆنوسی کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ئۆپەڕاسیۆنەکان و ئاگادار کردنەوەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

د. ئامادەبوون و بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و کۆنگرەی تایبەت بە ئۆپەراسیۆن و پێشکەش کردنی کورتەیەك لەسەری .

هـ. ئامادەکردنی ژووری ئۆپەراسیۆنەکان (**غرفة العمليات**) بە هەموو پێداویستیەکانەوە .

**ماددەی سەد و چل و چوار**

أ. وەرگرتنی پلانی تایبەت بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و ڕێکخستنی لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان ، گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبە جێ کردنی .

ب. دەرکردنی ڕێنمایی و فەرمانی تایبەت بە پێکهاتە نوێکان و زیادکردنی یەکەکان و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەدواداچوونی پەیوەست بە میلاکات .

**ماددەی سەد و چل و پێنج**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ راپەراندنی ئەرك و کاروباری رۆژانەی تاکو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وەخەرج کردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەکان .

٣١. بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی شوێنەكان (مديرية ادارة المواقع)

**ماددەی سەد و چل و شەش**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماییەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

**ماددەی سەد و چل وحەوت**

لە ناو بردنی ئەو ئەو گیان لەبەرانەی كە توشی نەخۆشی بەردەوام یان شكانی تەواوبون و سەر بە یەكەی سوارین .

**ماددەی سەد و چل و هەشت**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێك وەخەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٣٢. بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی گشتی

**ماددەی سەد و چل و نۆ**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچەی تەواو و ماوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عريف) بە پێی ڕێنماییەكان و وە لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

ه. بەرز كردنەوەی پێشنیاری هەموو بەشەكانی وەزارەت بۆ پلەی بەرز كردنەوەیان بۆ وەزیر .

**ماددەی سەد و پەنجا**

أ. بەرپرسە لە بەڕێ كردنی كاروباری پلە بەرزكردنەوەی مەدەنیەكان و گواستنەوەیان بە پێی ڕێنماییەكان.

ب. بەرپرسە لە گواستنەوە و بەكارخستنی ئەو ئەفسەرانەی كە لە دەسەڵاتی سەرۆكی دەستەی ئەركان دایە .

**ماددەی سەد و پەنجا و یەك**

أ. چاودێری هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەسـتی دامەزرانـدن و دەركـردن و ڕەوانـە كـردن بـۆ خانەنـشینی سـەربازان و مەدەنیەكان دەكات .

ب.چاودێری كردنی لیژنە پزیشكەكان .

ج.چاودێری كردنی پلە بەرز كردنەوە و بەخشینی ئەفسەران بە پێی ڕێنماییەكان .

د. بەرپرسە لە چاودێری مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی خوێندن .

هـ. سەرپەرشتی كردنی كاروباری بەڕێوەبەرایەتی كارگێری ئەفسەران و پلە داران و **انظباطی** عسكری وە دانانی پلانی پێویست بۆ داهاتوو.

**ماددەی سەد و پەنجا و دوو**

دەسەلاّتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بـۆ هـەر مانگێك وەخەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٣٣. بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی

**ماددەی سەد و پەنجا و سێ**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچـەی تـەواو و مـاوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییــەكان و وە لــە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەلاّتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

**ماددەی سەد و پەنجا و چوار**

أ. سەرف كردنی گاز و بەنزین و نەوت بۆ پێشمەرگەی كوردستان بەپێی ڕێنماییەكان .

ب. سەرف كردنی ئازوقە و جل و بەرگی سەربازی بەپێی ڕێنماییەكان .

ج. سەرف كردنی زەیت و گریس بۆ پاككردنەوە و باش ڕاگرتنی چەك و كەل و پەلی سەربازی بەپێی ڕێنماییەكان .

د. دابین كردنی ئۆتۆمبێل و دابەشكردن بە سەر هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی (تـموین و النقل) .

**ماددەی سەد و پەنجا و پێنج**

دابین كردنی پێویستی گواستنەوەی زەمینی ئاسمانی لە داهاتوودا كە بووین بە خاوەنی فرۆكەی سەربازی .

## ماددەی سەد و پەنجا وشەش

أ. ئامادەكردنی كۆنوسی كۆبونەوەكانی تایبەت بە گرێبەستی پڕ چەك كردن و كـەل و پـەلی سـەربازی و ئاگـادار كردنەوەی فەرمانگە تایبەتیەكانی پەیوەندار .

ب. ئامادەبوونی كۆبوونەوە و كۆنگرەی تایبەت بە میرە و پێشكەش كردنی كورتەیەك لەسەری .

ج. ئاگادار كردنەوەی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەكانی خوارو خۆی بەو فەرمانانـەی لەلایـەن وەزیـری پێـشمەرگە دەردەچێت پەیوەست بەمیرە .

د. ئاگادار كردنەوەی جێگری سەرۆكی ئەركان ( ئیدارە و میرە) لە هەر پێداویستیەك كە یەكەكانی هێزی پێشمەرگە داوای بكات .

## ماددەی سەد و پەنجا وحەوت

دەسەلأتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەراندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥،٠٠٠،٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار بـۆ هـەر مانگێك وەخەرج كردنی بە پێی ڕێنماییە داراییەكان .

٣٤- ئامریەی كاروباری كارگێری وەزارەت

## ماددەی سەد و پەنجا و هەشت

أ. پێدانی مۆلەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچـەی تـەواو و مـاوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە .

ب. پێشنیاری بەرز كردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێی ڕێنماییـەكان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە.

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا .

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەران ی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسەلأتی خۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی .

## ماددەی سەد و پەنجا و نۆ :

بەرپرسە لەراگرتن و هەلگرتنی ناوی فەرمانبەران و ئەفسەرانی بارەگای وەزارەت و هەرچی پەیوەندە بەكاری كارگێری لەوانە (كونیە وراژە و پلە بەرزكردنەوە ) ٠

## ماددەی سەد و شەست :

أ. بەرپرسە لە كاروباری كارگێری فەرمانبەرانی بارەگای وەزارەت لەوانە ( ئازوقە و موچە و جل و بەرگ).

ب. دابین كردنی شوێنی حەوانەوە بۆ فەرمانبەرانی بارەگای وەزارەت ٠

ج. پاراستنی بارەگای وەزارەتی پێشمەرگەو دەوروبەری ٠

د. بەرپرسە لە چاككردنەوەو بەردەوامی هەموو خزمەتگوزاریەكانی بارەگای وەزارەت ٠

هـ. دابین كردنی پێداویستیەكانی خزمەتگوزاری ئۆتۆمبیلەكانی بارەگای وەزارەت ٠

**ماددەی سەد و شەست و یەك :**

دەسەڵاتی دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٤,٠٠٠,٠٠٠ ) چوار ملێون دینار بـۆ هـەر مانگێك وە خەرج كردنی بەپێی ڕێنماییەكان .

٣٥. بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال و نیشتەجێكردنی سەربازی ٠

**ماددەی سەد و شەست و دوو :**

أ. پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە ناو هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ بە مووچـەی تـەواو وە مـاوەی (٦٠) ڕۆژ بەبێ مووچە ٠

ب. پێشنیاری بەرزكردنەوەی پلەی سەربازی دەكات لە سەرو پلەی (عریف) بە پێـی ڕێنماییـەكان و وە لـە ڕێگـەی بەرپرسانیەوە ٠

ج. پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا ٠

د. گواستنەوەی كارمەندان و سەربازان و ئەفسەرانی (ملازم تا رائد) ناو بەڕێوەبەرایەتیەكەیدا لە دەسـەڵاتی خـۆی دەبێت وە لە پلەی (مقدم) بۆ سەرەوە پێشنیار دەكات بۆ بەرپرسانی ٠

**ماددەی سەد و شەست و سێ :**

واژوكردن لە سەر ئەو گرێبەستانەی تایبـەت بـە بـە كرێگرتنـی خـانوو بـۆ وەزارەتـی پێـشمەرگە و نوێكردنـەوەی گرێبەستەكان لە ڕێگەی فەرمانگەی یاساییەوە .

**ماددەی سەد و شەست و چوار :**

أ. هەستان بە كارو پێداویستی بە ماڵ بوون (استملاك) بۆ كاری سەربازی بۆ واژوكردنی نوسراوی تایبەت بەو كارە وە خەرجكردنی لە جێ بە ماڵ بوون و رسومی داواكان و خەرجییەكان بەپێی یاسای بە مـاڵ بـوونی كـارپێكراو (استملاك) .

ب. ڕەزامەندی دان لە سەر نرخی دیاریكراو لە لایەن لێژنەی بە ماڵ بوون یان تانەدان لەو بڕیارانەی لێژنە.

ج. پێكهێنانی لێژنەی تایبەت بە كاروباری بەڕێوەبەرایەتیەكە وە ڕەزامەندیان لەسەر سەرف كردنیان بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركانەی پێیان دەسپێردرێت ٠

د. ڕەزامەندیان لەسەر بەڕێكردنی كرێكارە مەدەنیەكان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی كارێكی دیاریكراو ٠

**ماددەی سەد و شەست و پێنج:**

أ. دەسەڵاتی خەرجكردنی بڕێك پارە بۆ چاككردنی ئەو خانوو بەرانەی سەربە وەزارەتی پێشمەرگەن بە مەرجێك لە (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ ئیش و كارە زۆر پێویست و بەپەلەكان ٠

ب. واژوكردن لەسەر ئەو گرێبەستە كراوانەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و بەڵێندەرەكانی تايبەت بەكاری بيناسازی و چاككردنەوە و ڕێككردنەوە تاكو (٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش ملێون دينار ٠

ج. خەرجی بڕێك پارە كە لە (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دينار زياتر نەبێت بۆ هەر جارێك بۆ بەردەوام بـوون و چاككردنەوەی دام و دەزگای ئاوو كارەباو كڕينی كەل و پەل بۆيان ٠

د. خەرجی بڕێك پارە كەلە (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دينار زياتر نـەبێت بـۆ هـەرجارێك بـۆ بـەردەوامی و چاككردنەوە و كڕينی پارچەی يەدەك بۆ ئەو ئامێر و كەل وپەلانەی تايبەت بە ئەشغال .

هـ- دەسەلاٚتی دارايی هەيە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێـنج ملێـون بـۆ هـەر مانگێك و خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان ٠

**ماددەی سەد و شەست وشەش :**

ڕيكلام كردن لە ڕۆژنامەكاندا لە ڕێگەی بەڕێوبەرايەتی گرێبەستەكان و فرۆشياری لە سەر كاری بيناسازی و چاككردن و ڕێككردن ٠

**ماددەی سەد و شەست و حەوت :**

سەرف كردنی كەل و پەلی بيناسازی ئامێرو ترۆمپاو هەموو كەل و پەلی ئامادەبوو لە ناو گەنجينـەكانی ئەشـغالی عەسكەری بەپێی دەرخستەكانی لايەنی پەيوەندار ٠

٣٦- ئەفسەری ئاسايشی وەزارەت :

**ماددەی سەد و شەست و هەشت :**

أ- ئەركی پاراستنی ئاسايشی ناو ديوانی وەزارەت پاراستنی (أشخاص ،عجلات،أسلحة،تجهيزات،بنايات،الوزارة) .

ب- پەيوەندی ڕاستەو خۆی بە وەزيرەوە هەيە و فەرمان و ڕێنمايی لە وەزير وەردەگرێت وە كەس بۆی نييە دەسـت بخاتە ئيش و كارەكانيانەوە ٠

ج- دەسەلاٚتی دارايی بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری ڕۆژانەی تاكو (٢,٠٠٠,٠٠٠ ) دوو ملێون دينار بۆ هەر مانگێـك وە خەرج كردنی بە پێی ڕێنماييە داراييەكان ٠

د- هەماهەنگی ئەكات لە گەڵ جێگرەكەی بۆ كاروباری ئاسايش ٠

هەندێ خاڵی تر ( نقاط متفرقه ) :

٣٧- ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگە

**ماددەی سەد و شەست و نۆ :**

أ- دیراسەت و گفتوگۆ کردن و ڕادەربڕین لەسەر هەر بابەتێك کە وەزیر ڕەوانەی ئەنجومەنی دەکات ٠

ب-ئەنجومەن مانگی جارێك یان لە هەر کاتێك لە سەر داوای وەزیر وە بە سەرپەرشتی خۆی دەبێت وە لە کاتی ئامادە نەبوونی وەزیر جێگری وەزیر سەرپەرشتی کۆبونەوەکە دەکات .

ج- وەزیر دەتوانێت داوەتی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە یان وەزارەتەکانی تر بکات کە تایبەتمەندی و پسپۆری هەبێت بۆ ئەنجومەنی بەرگری ٠

د- بڕیارەکانی ئەنجومەن جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە .

ه- سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگە کە بەشێوەیەکی دەوری دەبەسترێت لە ڕێگەی فەرمانگەکانی سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکان و پێشمەرگە .

و- ئەندامانی ئەنجومەن بە دواداچوون دەکەن بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکان ٠

**مادە سەد و حەفتا :**

ئەم ڕێسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و بلاْو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان .

**د. بەرهەم ئەحمەد سالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

وەزارەتی كشتوكال و سەرچاوەكانی ئاو
ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

## ڕێنمایی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠١١
## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیكی

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیكی ، بەرهەمهێنانی جۆرەكانی سەوزەوات بەشێوەی پارێزراو وكۆنترۆل كراو بەشێوەیەك كە لە هەموو وەرزەكانی ساڵ بەرهەمی سەوزەوات لە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت بە بەكارهێنانی ڕێگا و تەكنەلۆجیای نوێ ، وەهەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەران بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردنی و كۆنترۆل كردنی دەرد و نەخۆشی یەكان لەم پرۆژانەدا .

**مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :**

١- پێشكەش كردنی بەلگەنامەی خاوەنداریەتی زەوییەكە .
٢- پێویستە شوێنی پرۆژەكە و پارچە زەوییەكە گونجاوبێت بۆ چاندنی داپۆشراو لە ڕووی هەڵكەوتی جوگرافی و كەش و هەواوە .
٣- دەبێت ڕووبەری زەویی پێویست بۆ پرۆژەكە لە (٣) سێ دۆنم كەمتر نەبێت .
٤- پێویستە كۆی ڕووبەری بەكارهێنراو بۆ خانووە پلاستیكی یەكان لە (٢٥٠٠) مەتر دووجا كەمتر نەبێت .
٥- پرۆژەكە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەكی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لەشوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .
٦- پێویستە ئەو كەل و پەلانەی بەكاردەهێنرێن گونجاو بێت لەگەڵ مەرجە هونەرییەكان كە لەلایەن وەزارەتەوە دیاریكراون وە ستاندارد بن .
٧- پرۆژەكە سەرچاوەی ئاوی بەردەوام و پێویستی هەبێت .
٨- چاندنی چواردەوری پرۆژەكە بە نەمامی گونجاو ، بەمەبەستی دروست كردنی باگێرەوە ( مصدات الرياح ) .

**جمیل سلێمان حیدر**
**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦**

## ڕێنمایی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچك

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی قارچك ، بەرهەم هێنانی بەرهەمی(قارچك)ە بەشێوەیەکی زانستییانە و تەندروست ، ئامانجیش لەپرۆژەکە بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ بێت لەو بوارەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (١,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەم هێنـانی قارچك بگرێتە خۆ .

٢- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٢,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەم هێنانی تۆو ) و یەکەی ( بەرهەم هێنانی کۆمپۆست ) بگرێتە خۆ .

٣- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٤- دروست کردنی بینایەکی تایبەت بۆ بەرهەم هێنانی قارچك کە لە (٦) هۆل کەمتر نەبێت و هەر هۆلێکیش ڕووبەرەکەی (٢٠ * ٥ * ٥) مەتر کەمتر نەبێت ، لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی هۆلەکان لە (کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، ڕەفە ، کۆنترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکە و پاقژکردنی ڕۆژانە ........... هتد) .

٥- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی تۆوی لەگەلدا بوو پێویستە دوو هۆڵ دابمەزرێن یەکێکیان بە ڕووبـەری (٥*٧) مەتر کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووەمیان بۆ ئامێز ( حاضنة) (١٠*٥) مەتر کەمتر نەبێت .

٦- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی (کۆمپوست)ی لەگەڵـدا بـوو گۆڕەپـانێکی پەسـێنراوی هـەبێت بـە ڕووبـەری (٤٠*٢٥)مەتر کەمتر نەبێت .

٧- پرۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت .

٨- پێشکەش کردنی وێنەیەك لە خاوەندارێتی زەویەکە .

٩- ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت وەك سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی کشتوکاڵی لەگەل وەرگرتنـی مۆڵـەتی تەندروستی .

١٠-چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، باگێرەوە (مصدات الرياح)ی بۆ دروست بکرێت.

**جمیل سلێمان حیدر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتـــــــــــــــی داد**

**ژمارە : ١٤٦٢ لە ٢٠١١/٩/٢٠**

## بەیانی ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠١١

بــەپێی ئــەو دەســـەڵاتەی پێمانـــدراوە بــەپێی (مـــاددەی نۆیـــەم / بڕگـــە دوو ) لەیاســـای وەزارەتـــی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی هۆبەی ووردبینی لەبەڕێوەبەرایەتی ووردبینی لەدیوانی وەزارەت .

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

---

**وەزارەتـــــــــــــــی داد**

**ژمارە : ١٥٣٥ لە ٢٠١١/٩/٢٨**

## بەیانی ژمارە ( ٢١ )ی ساڵی ٢٠١١

بــەپێی ئــەو دەســـەڵاتەی پێمانـــدراوە بــەپێی (مـــاددەی نۆیـــەم / بڕگـــە دوو ) لەیاســـای وەزارەتـــی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

**هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ژمارە ( ٢٠ ) لەرێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٠** کەئەم هۆبانەی خوارەوەیان لەخۆ دەگرێت .

١. هۆبەی یاسایی .
٢. هۆبەی میلاکات .
٣. هۆبەی ئامار .
٤. هۆبەی بودجە .
٥. هۆبەی هونەری .
٦. هۆبەی کۆگا .
٧. هۆبەی IT .
٨. هۆبەی کۆمپیوتەر .

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ١٥٣١ لە ٢٠١١/٩/٢٨**

**بەیانی ژمارە ( ٢٢ )ی ساڵی ٢٠١١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٣ی سـاڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی هۆبەی کۆمپیوتەر لەبەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان لەدیوانی وەزارەت .

**دادوەر**

**رؤوف رشـــــــید**

**وەزیـــــــری داد**

---

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ١٥٣٦لە ٢٠١١/٩/٢٨**

**بەیانی ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠١١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٣ی سـاڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی راهێنان و پەرەپێدان لەدیوانی وەزارەت .

**دادوەر**

**رؤوف رشـــــــید**

**وەزیـــــــری داد**

**وەزارەتـــــــــــى داد**

**ژمارە : ١٥٨٤ لە ٢٠١١/٩/٢٨**

## بەیانی ژمارە ( ٢٤ )ی ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٣ی سـاڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی تێبینەرایەتی چاودێری ناکامەکان لەقەزای ئاکرێ .

**دادوەر**

**رؤوف رشـــــــید**

**وەزیـــــــری داد**

---

**وەزارەتـــــــــــى داد**

**ژمارە : ١٥٨٣لە ٢٠١١/٩/٢٨**

## بەیانی ژمارە ( ٢٥ )ی ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٣ی سـاڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لەناحیەی سێگردکان .

**دادوەر**

**رؤوف رشـــــــید**

**وەزیـــــــری داد**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم : ١٤٧٥ له ٢٠١١/٩/٢٠**

**قـــرار رقم ( ١٧ ) لسنه ٢٠١١**

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءً على ماجاء في الجلسة الاعتيادية لبرلمان كوردستان - العراق المنعقدة بتأريخ ٢٠١١/٩/١٩ تقرر مايلي :

**أولاً :** إناطة مهام سكرتير البرلمان بعضو البرلمان السيد (شيروان ناصح عبدالله حيدري) طيلة فترة غياب سكرتير البرلمان السيد (فرست أحمد عبدالله) .

**ثانياً :** ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ اقراره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. أرسلان بايز اسماعيل**

**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم : ١٥١١ له ٢٠١١/٩/٢٧**

## قرار رقم (١٨) لسنة ٢٠١١

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءً على ماجاء في جلسة برلمان كوردستان - العراق الاعتيادية المرقمة (٣) المنعقدة بتأريخ ٢٠١١/٩/٢٦ تقرر مايلي :-

**أولاً :** رفض المقترح بقانون (المأذون الشرعي) في أقليم كوردستان - العراق .

**ثانياً :** يعتبر القرار نافذاً من تأريخ اتخاذه في ٢٦/ ٢٠١١/٩ . وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. أرسلان بايز اسماعيل**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**رئاسة مجلس الوزراء**
**رقم : ٢٤٧٠ في ٢٠١١/١٠/٥**

## نظام عمل اللجان التحقيقية الانضباطية المشكلة

وفق قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل واجراءات الادعاء العام بخصوصه وفق قانون الادعاء العام رقم ١٥٩ لسنة ١٩٧٩

استناداً الى الصلاحية المخولة بموجب المادة ٧٠ من قانون الادعاء العام رقم ١٥٩ لسنة ١٩٧٩ المعدل وفي ضوء قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ ، وبناءً على موافقة مجلس الوزراء في جلسته المنعقدة رقم ١٣ بتاريخ ٢٠١١/٩/٢١ ، قررنا اصدار النظام الآتي :

## نظام عمل اللجان التحقيقية الانظباطية المشكلة
## وفق قانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل
## و اجراءات الادعاء العام بخصوصه وفق قانون الادعاء العام رقم ١٥٩ لسنة ١٩٧٩

**المادة الاولى :**

١- اذا خالف الموظف واجبات وظيفته او قام بعمل من الاعمال المحظورة عليه وفق قانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل و نظام القواعد السلوكية و المهنية لموظفي حكومة اقليم كوردستان رقم ١ لسنة ٢٠١١ و القوانين الاخرى ذات العلاقة ، فعلى الوزير المختص أو رئيس الدائرة تأليف لجنة تحقيقية من رئيس و عضوين من ذوي الخبرة على ان يكون احدهم حاصلاً على شهادة جامعية اولية في القانون ، و بحضور الادعاء العام .

٢- تفقد جلسات اللجنة التحقيقية المشار اليها في الفقرة (١) أعلاه صحة انعقادها بغياب عضو الادعاء العام المعين أمامها بسبب عدم دعوته للحضور .

٣- على اللجنة التحقيقية المشكلة وفق احكام الفقرة (١) أعلاه اطلاع الادعاء العام على ما تتخذه من قرارات خلال مدة لاتزيد على ٣ ثلاثة أيام من تاريخ صدورها .

**المادة الثانية :**

اذا رأت اللجنة التحقيقية ان فعل الموظف المحال عليها يشكل جريمة نشأت عن وظيفته أو ارتكبها بصفته الرسمية فيجب عليه ان توصي باحالته الى المحاكم المختصة وفي هذه الحالة يجب على الوزير او رئيس الدائرة احالة الموظف الى المحكمة المختصة .

**المادة الثالثة :**

١- على الادعاء العام ارسال الشكاوي المقدمة اليه او المحالة عليه و التي تتعلق بموظف يتهم بأن فعله يشكل جريمة نشأت عن وظيفته او ارتكبها بصفته الرسمية الى الوزير المختص او رئيس الدائرة لغرض تأليف لجنة تحقيقية انظباطية و اتخاذ الاجراءات الواردة في احكام قانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل .

٢- على الوزير المختص او رئيس الدائرة اتخاذ الاجراءات القانونية وفق ما جاء في الفقرة ( ١) اعلاه خلال مدة ٣ ثلاثة أيام من تاريخ تبليغه من قبل الادعاء العام و ارسال نسخة من أمر تأليف اللجنة الى الادعاء العام لتعين ممثله للحضور امام اللجنة التحقيقية .

٣- تقوم اللجنة التحقيقية باعمالها في حدود اختصاصاتها تحت اشراف الادعاء العام و طبقاً لاحكام القانون .

٤- يخضع رئيس و اعضاء اللجنة التحقيقية لرقابة الادعاء العام ، وله ان يطلب من الجهة التابعيين لها النظر في امر تقع منهم مخالفة لواجباتهم او تقصير في عملهم و التحقيق فيه انضباطياً و لايخل ذلك بالتحقيق معهم و محاكمتهم جزائياً وفق القانون اذا وقع منهم ما يشكل جريمة .

**المادة الرابعة :**

على وزارة العدل و الجهات الاخرى ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا النظام و ينشر في الجريدة الرسمية .

**المادة الخامسة :**

لوزير العدل اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون .

**د. برهم احمد صالح**
**رئيس مجلس الوزراء**

## الاسباب الموجبة

من أجل تفعيل دور الادعاء العام و حضورهم في اللجان التحقيقية الانضباطية التي تشكل وفق القانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام واعطائهم سلطة المراقبة على اعمال هذه اللجان وفق قانون الادعاء العام لضمان حسن سير أعمالها و تقديم المساعدة اللازمة الى الجهات ذات العلاقة بصدد الاجراءات القانونية و الاصولية الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام ، فقد صدر هذا النظام .